DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi8.308

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پێگەی خوداوەند خالدی لە شانشینی ئۆرارتو لە ڕوانگەی سەرچاوە شوێنەوارییەکان

**م.ی. رخصار عبدالغفور طه**

کۆلێژی ئاداب / بەشی شوێنەوار / زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر / هەرێمی کوردستان

rukhsar.taha@su.edu.krd

## پوختە.

ئۆرارتییەکان بە یەکێک لە گەلە رەسەنەکانی کوردستانی کۆن و ناوچەکانی زاگرۆس دائەنرێن، شانشینیی ئۆراتوو لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین پانتایەکی فراوانی لە خۆگرتبوو، کە پێکیەت لە ناوچەکانی کوردستانی سووریا لە رۆژئاوا و دەریای رەش لە باکوور و ناوچەکانی کوردستانی ئێران و ئەرمینیا لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی تاکوو ئەگەیشتە ناوچەکانی دیانا و سیدەکان و ئامێدیی لە باشووری کوردستان. لەم سۆنگەییەوە ئۆرارتییەکان توانیویانە ببن بە خاوەنی شارستانێتیی و شانشینێکی گرنگ و رۆڵی خۆیان بگێڕن لە ناوچەکە دا. لەم توێژیینەوەیەدا هەوڵ دراوە پێگەی ئەم خوداوەندە لە ژێر رۆشنایی سەرچاوە شوێنەوارییەکان بخرێتەڕوو کە باس لە پێگەی و پیرۆزی خوداوەند خالدیی ئەکەن، سەرەڕای دەقە مێخییە تۆمارکراوەکانی پاشاکانی ئۆرارتیی کە باس لە پێگەی ئەم خوداوەندە ئەکەن. گرنگی ئەم توێژیینەوەیە خۆی لەو پاشماوە هونەرییانەدا ئەنوێنێت کە ئۆرارتییەکان لە دوایی خۆیان بەجێیان هێشتووە. میتۆدی ئەم توێژیینەوەیە میتۆدێکی هونەرییە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی پێگەی ئەم خوداوەندە و دیارییکردنی ئەو بیروبۆچوونانەی باس لە پێگەکەی ئەکەن لەبەر رۆشنایی سەرچاوە شوێنەوارییەکان دا، لە کۆتایی ئەم توێژیینەوەیەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە تیرِوانینی ئۆرارتییەکان بۆ خوداوەند خالدیی سەرچاوەی هەموو چاکیی و هێز و دەسەڵاتێک بووە بە درێژایی ماوەی شانشینیی ئۆراتوو و پێگەکەی وەکوو خۆی ماوەتەوە، تاکوو ساڵی ٧١٤ پ.ز لە ئەنجامی هەڵمەتی ئاشوورییەکان بوو بە هۆی خاپوورکردنی شارەکە و تاڵانکردنی پەرستگاکە و بردنی پەیکەری خوداوەند خالدیی و باگبارتۆی هاوسەری هەروەکوو لەو دەقانەی هاتووە ئاماژە بەوە ئەکرێت کە پاش ساڵێک لەم تاڵانکارییە، پەیکەری ئەم خوداوەندە ئەگەڕێنرێتەوە بۆ شاری موساسیر، ئەمەش لە دەرئەنجامی بەستنی رێکەوتنامەیەک بووە لە نێوان ئاشوورییەکان و ئۆرارتییەکان هەموو ئەم بەڵگانەش ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە کە خواوەند خالدیی پێگەیەکی دیار و رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە شانشینی ئۆراتوو دا.

**کلیلە وشەکان: ئاینیی ئۆرارتیی، موساسیر/ئەردینیی، پەرستگا، خوداوەند خالدیی.**

Recieved: 1/8/2023
Accepted: 26/8/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

ئـەم توێژینەوەیـە بـاس لـە یەکێـک لـە گرنگتریـن خوداوەنـدەکانی ناوچـەکانی زاگـرۆس ئـەکات، کـە پێگەیەکـی بەهێـز و رۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لـە شانشـینیی ئۆراتـوو دا و خوداوەنـدی نەتەوەیـی ئۆرارتییـەکان بـووە بـە درێژایـی مـاوەی شانشـینەکە، پەرسـتگای سـەرەکیی ئـەم خوداوەنـدە ئەکەوێتـە ناوجەرگـەی کوردسـتانی باشـوور بـە گوێـرەی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە کـراون.

ئۆرارتییـەکان یەکێکـن لـە گەلـە کۆنەکانـی کوردسـتان لـە هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن دا لـە ناوچەکانـی باکـووری میسـۆپۆتامیا دەرکەوتـن، توانیـان رۆڵێکـی دیـار و کاریگـەر بگێـڕن لـە ناوچەکـەدا (أحمـد و رشـید، ۱۹۹۰، ص۷۹) بـە تایبەتیـی لـە رووی لایـەنی ئایینییـەوە، ئـەم لایەنـە لـە شانشـینیی ئۆراتـوو دا پانتایەکـی فـراوانی داگیـر کردبـوو و شـاری موساسـیر یەکێـك بـووە لـە مەڵبەنـدە شارسـتانیی و ئایینییـە گرنگەکانـی کوردسـتان لەبـەر بـوونی بنکـەی پەرسـتنی ئـەم خوداوەنـدە لـە ناوچەکـە دا.(أحمـد، ۲۰۰۱، ص۱۷۲) ئۆرارتییـەکان وەکـوو هـەر نەتەوەیەکـی تـر بایەخیـان بـە ئاییـن و لایەنـی ئایینیـی داوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش چەندیـن خوداوەندییـان پەرسـتووە، بەتایبـەت ئـەو خوداوەندانـەی پەیوەنـدی راسـتەوخۆیان بـە دیـاردە سروشـتییەکانەوە هەبـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کاریگـەری شارسـتانییەتی میسـۆپۆتامیایان بەسـەرەوە بـووە، باوەڕیـان وابـووە خوداوەنـدە خوورییـەکان و ئۆرارتییـەکان لـە بنچینـەدا یەکـن، جگـە لـە خوداوەنـدی خالدیـی نەبـێ کـە لـە ئاینیـی خووریـی دانەبـووە، بەڵکـو خوداوەنـدی سـەرەکی بـووە لـە شانشـینی ئۆراتـوو دا.(عقـراوي، ۲۰۱۵، ص۱۵۰) پەرسـتنی ئـەم خوداوەنـدە لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆیەمـی پێـش زاییـن لەلایـەن پاشـا ئۆرارتییـەکان گرنگـی پێـدراوە بـە جۆرێـک پاشـا ئۆرارتییـەکان لـە نووسـینەکانیان شـانازیان بەخۆیـان ئەکـرد بەهـۆی ئـەوەی سـەردانی پەرسـتگای خوداوەنـد خالدییـان کـردووە و قوربانیـان پێشـکەش بـە خوداوەنـد و پەرسـتگاکە کـردووە، هەروەکـوو لـە تێکسـتە مێخییەکـەی سـەر هـەردوو میلەکـەی (کێلەشـین و تۆپـزاوە)دا ئەوەمـان بـۆ دەرئەکەوێـت کـە شـاری موساسـیر گرنگـی و پێگـەی خـۆی هەبـووە. (Marf, ۲۰۱٤, p.۲٤)

پاشـاکانی ئۆرارتیـی لـە نووسراوەکانیانـدا بانگەشـەی ئەوەیان ئەکـرد کە سـەرکەوتنە سـەربازییەکانیان بۆ پشـتیوانی خوداوەند خالدیـی بـووە و ئـەو سـێبەری پاشـا و سـوپا بـووە وەکـوو خوداوەندێکـی جەنـگاوەر بـە چەکـەکانی سـەرکردایەتی سـوپا ئـەکات، کـە هێزێکـی پاڵنـەرە بـۆ داگیرکـردن پـێ ئەچێـت پێگـەی خالدیـی لـە سـوپادا هاوتـا بێـت لەگـەڵ خوداوەنـد ئاشـوور لـە دەوڵـەتی ئاشـووریی دا، کـە شـەڕ و ئاشـتیی لـە رێگـەی دەستپێشـخەرییە ئیلاهیـەکانی ئـەوەوە روویـداوە. (Çifçi, ۲۰۱۸, p.۱۳۳)

هـۆکاری هەڵبژاردنـی ئـەم بابەتـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پێگـە و دەسـەڵاتەی کـە پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیـی هەیبـووە لـە شانشـینی ئۆراتـوو دا لەبەرئـەوەی، لـە کۆنـدا ئاییـن زاڵبـووە بەسـەر هەمـوو پێگـە هەسـتیارەکانی دەوڵـەت دا، لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دەرئەکەوێـت کـە لـە هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن لـە شانشـینی ئۆراتـوو دا ئاییـن پێگـە و کۆڵەگەییەکـی پتـەوی هەبـووە.

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە بـۆ بـە دیارخسـتنی پێگـە و رۆڵـی بەهێـزی ئـەم خوداوەندییـە لـە شانشـینیی ئۆراتـوو دا لـە ژێـر رۆشـنایی ئـەو سـەرچاوە شـوێنەوارییەی کـە تیشـکیان خسـتۆتە سـەر لایـەنی ئاینیـی و پێگـەی ئـەم خوداوەنـدە.

لـە پێکهاتـەی ئـەم توێژینەوەیـەدا، سـەرەتا تیشـکمان خسـتۆتە سـەر پاشـخانێکیی مێژوویـی دەربارەیـی شانشـینی ئۆراتـوو(۸۸۰-۷۱٤ پ.ز) پاشـان، باسـمان لـە ئاییـن و پێگـەی خوداوەنـد خالدیـی لـە شانشـینیی ئۆراتـوو دا کـردووە،

دوای ئـەوە تیشـکمان خسـتۆتە سـەر شـاری موساسـیر وەکـوو پایتەختـی ئاینیـی ئۆرارتییـەکان، پاشـان باسـمان لـە پێگـە و پیـرۆزی خوداوەنـد خالدیـی لـە روانگـەی سـەرچاوە شـوێنەوارییەکان لـە هـەردوو میلەکـەی (کێلەشـین و توبـزاوە) دا کـردووە، لـە کۆتاییـدا باسـمان لـە هێـرشی ئاشـوورییەکان و تاڵانکاریـی پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیـی لـە موساسـیر و رەنگدانـەوەی لـە هونـەری ئاشـووریی دا کـردووە.

بـە شـێوەیەکی گشـتی لێکۆڵـەرەوان لـە سـاڵانی رابـردوو کاریـان لەسـەر ئـەم گەلـە کۆنـە و شانشـینە کوردییـە کـردووە، وەکـوو سـەرچاوەیەکی گرنـگ و بـە بایـەخ هەژمـار ئەکرێـن، بـەڵام ئـەوەی شـایەنی باسـکردن بێـت ئـەم سـەرچاوانە کـەم و دەگمەنـن کـە بـە شـێوەیەکی ورد تیشـکییان نەخسـتۆتە سـەر پێگـەی ئاینیـی ئـەم خوداوەنـدە جگـە لـە چەنـد لێکۆڵەرەوەیـەک نەبێـت کـە بەشـێوەیەکی گشـتیی باسـییان لـە ئاییـن و خوداوەنـدەکانی ئۆرارتـووی کـردووە، هەروەهـا بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی دەربـارەی پێگـەی ئـەم خوداوەنـدە ئەتوانیـن پشـت بـە سـەرچاوە و توێژینـەوەکانی (Dara,٢٠١٤ ; Çifçi, ٢٠١٨) ببەسـتین کـە توانیوویانـە لـە رێگای خسـتنەڕووی نموونـە و دەقـە نـووسراوە تۆمارکـراوەکان سـوودێکی زۆر بـە لایـەنی ئایینیـی ئـەم شانشـینە بگەینـن.

## ١. پاشخانێکیی مێژوویی دەربارەیی شانشینیی ئۆراتوو (٨٨٠-٧١٤ پ.ز):


ئۆرارتییـەکان یەکێکـن لـە نەتـەوە کۆنەکانـی زاگـرۆس لـە سـەرەتایی هـەزارەی سـێیەمی پێـش زاییـن لـە کوردسـتان نیشـتەجێ بـوون، لەگـەڵ خوورییـەکان یـەك رەگـەز و بنچینەییـان هەبـووە و توێـژەران تێبینـی ئەوەیـان کـردووە کـە زمـانی ئۆرارتیـی هنـدۆ- ئەوروپـی نییـە، بەڵکـوو بنچینەکـەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ زمـانی خووریـی و خاسـییەت و پەیوەندییەکـی بەهێـز هەیـە لـە نێـوان هـەردوو زمـانی خووریـی و ئۆرارتیـی و هەروەهـا ئۆرارتییـەکان زۆرێـک لـە لایەنـەکانی ژیـانی سیاسـیی و سـەربازیی و نووسـیین و تۆمارکـردنی بەڵگەنامـە و کارە ئەدەبیەکانیـان لـە ئاشـوورییەکان وەرگرتووە.(أحمـد، ٢٠٠٥، ص١٩٧-١٩٨) کۆنترییـن ناوهێنـانی نـاوی ئورارتیـی بـۆ یەکەمجـار ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی سـێزدەهەمی پێـش زاییـن لـە تۆمـارەکانی پاشـای ئاشـوری شـەلمەنصەری یەکـەم (١٢٧٥-١٢٤٥ پ.ز) هاتـووە (مـارف، ٢٠١٣، لا٨٧) بەشـێوەی (ئوروواتـری) ، هەروەهـا لـە تـەورات (العهـد القدیـم) لـە سـفر التکویـن بـە شـێوەی (ارارلط) هاتـووە بـەڵام، ئۆرارتییـەکان وڵاتەکـەی خۆیانیـان بـە (بیاینیـلی) ناوئەبرد.(أحمـد، ٢٠٠٥، ص١٩٨) جگـە لـەوە لـە سـەرچاوە نـووسراوەکانی ئاشـووریی دا(خالدیی)یـان پێوتـراوە لەبـەر پەرسـتنی خوداوەنـدی نەتەوەییـان خالدیـی، ئـەوەی جێگـەی هەڵوەسـتەیە سـەبارەت بـەم بابەتـە هەندێـک لـە لێکۆڵـەرەوان ئـارەزووی ئاسـانکاریی بـۆ نـاوە زۆرەکانی شانشـینیی ئۆراتـوو ئەکـەن بـۆ زیاتـر دەسـت راگەیشـتن و روونکردنـەوە، ئـەوان پێیـان بـاش بـووە ئۆرارتییـەکان بگەڕێننـەوە بـۆ نـاوی خوداوەنـد خالدیـی وەک قەرەبـووی گەڕاندنەوەیـان بـۆ بیاینیلیـی و نائیریـی و ئەرمینـی، چارەسـەرێکیان بـۆ ئـەم نەتەوەیـە دۆزییـەوە، بۆیـە ناویـان لێنـا خالدیی.(عقـراوي، ٢٠١٥، ص٤٣-٤٤)

ئۆرارتییـەکان لـە نییـوەی هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن وەکـوو هێزێـك لـە باکـووری میسـۆپۆتامیا ئەژیـان پێیـان ئەوتن(مەملەکەتـی وان) ئەمـەش لەبەرئـەوەی، لـە سـەرەتادا لـە ناوچەکانـی دەوروبـەری دەریاچـەی وان بەشـێوەی یەکێتیـی هۆزایەتیـی ئەژیـان و ئاشـوورییەکانیش بـەو پاشـایانەی کـە سـەرکردایەتیان ئەکـردن پێیـان ئەوتـن پاشـاییانی وڵاتـی نائیریـی و ئۆراتـوو، ئیـتر لـەو سـەردەمەوە رووبـەڕووی هێـرش و پەلامـاری هێـزە سیاسـییەکانی دەوروبەریـان بوونـەوە بـە تایبەتیـی لەگـەڵ ئاشـوورییەکان.(أحمد و رشـید، ١٩٩٠، ص٧٩) پاشـان سـنووری دەسـەڵاتی ئـەم شانشـینە لـە

دوای سەدەی سێزدەهەمی پێش زایینەوە فراوان بوو، لە رۆژئاوا تا ناوچەکانی کوردستانی سووریا لە باکوورەوە تا نزیك دەریای رەش و لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچەکانی کوردستانی ئێران و ئەرمینیا، لە باشووریش تا ناوچەکانی دیانا و سیدەکان و ئامێدیی و قەڵادزێ فراوان بووە.(زاموا، ٢٠٠٩، ل٦٨١)(نەخشەی ژ١) سەبارەت بە پایەختی ئۆرارتییەکان، یەکەم پایەختی سیاسییان شاری (ئەرزاشکون) بوو، کە ئەکەوێتە رۆژئاوای دەریاچەی وان، ئەم شارە نزیک بووە لە(کالح Kalhu) لەلایەن پاشا ئارامۆ(٨٨٠-٨٤٤ پ.ز) دامەزراوە، بەڵام دوای ئەوەی ئەم شارە لەلایەن پاشای ئاشوورییی شەلمەنصەری سێیەم(٨٥٨-٨٢٤ پ.ز) دەستی بەسەر دائەگرێت و ئەیسووتێنێت، پاشان پاشا ساردووری یەکەم(٨٤٤-٨٢٨ پ.ز)یەت کە یەکێك بوو لە بەناوبانگترین پاشا ئۆرارتییەکان، هەڵساوە بە درووستکردنی پایەختێکی نوێ بەناوی(تووشبا) کە ئەکەوێتە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی وان لە ناوچەییەکی سەخت و شاخاویی بۆ ئەوەی دوور بێت لە هەڵمەت و پەلاماری ئاشوورییەکان. (ساغز، ٢٠١١، ص١٠٨-١٠٩) بەڵام پایەختی ئایینیان لە شاری موساسیر بوو، شوێنەواری ئێستای ئەکەوێتە گوندی مجێسەر لە ناحیەی (سیدەکان-برادۆست)؛ لەم چەند ساڵەی رابردوو بنکە ستوونی پەرستگای خوداوەند خالدیی لێ دۆزراییەوە کە کۆنترین مەڵبەندی نیشتەجێبوونی خوداوەند خالدیی بوو لە ناوچەکەدا .(Marf, ٢٠١٤, p.١٣) ئەم شانشینە بۆ ماوەیی نزیکەی (١٣٠) ساڵ بەردەوام بوو لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی دا(عقراوي، ٢٠١٥، ص١٣٣) لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا نزیکەی (١٦) پاشا فەرمانڕەواییان کردووە(الصالحي، ٢٠٢٠، ص١٢-١٣) لە کۆتاییدا لە ئەنجامی هێرش و پەلامارە بەردەوامەکانی دەوڵەتی ئاشووریی بۆ سەر شانشینی ئۆراتوو، بەتایبەتی لە هەڵمەتی هەشتەمی سەرگۆنی دووەم لەساڵی (٧١٤ پ.ز) ئەبێت بە هۆی خاپوورکردنی شاری موساسیر و خۆکوشتنی پاشا رووسای یەکەم (٧٣٤-٧١٤ پ.ز)، ئاشوورییەکان بەشێك لە شانشینی ئۆراتوویان خستە سەر دەوڵەتی ئاشووریی، پاشان چەند پاشاییەکی تر یەنە سەر تەختی فەرمانڕەوایی لە کۆتاییدا لەلایەن هۆزە سکیسییەکان و کیمیرییەکانەوە شانشینەکەییان لەناوئەبرێت.(أحمد، ٢٠٠٥، ص٢٠٧-٢٠٨)

.

نەخشەی ژ١: نەخشەی رۆژهەڵاتی کۆن و شانشینی ئۆراتوو لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین دا(الصالحي، ٢٠٢٠، ص٦)



## ٢. ئایین و پێگەی خوداوەند خالدیی لە شانشینیی ئۆراتوو:

ئۆرارتییەکان وەکوو هەر نەتەوەیەکی تر بایەخیان بە ئایین و لایەنی ئایینیی داوە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین خوداوەندییان پەرستووە، بەتایبەتی ئەم خوداوەندانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بە دیاردە سرووشتییەکانەوە هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری شارستانییەتی وڵاتی دوو رووباریان بەسەرەوە بووە، باوەڕیان وابووە خوداوەندەکانی خووریی و ئۆرارتیی لە بنچینەدا یەکن، جگە لە خوداوەندی خالدیی نەبێت.(عقراوي، ٢٠١٥، ص١٥٠)

خالدیی یەکێکە لە گرنگترین خوداوەندەکانی شانشینیی ئۆراتوو کە بووە بە خوداوەندی باڵا لە بانثیۆنی ئۆرارتیی دا، خالدیی لە بنەڕەتدا خوداوەندێکی ئۆرارتیی نەبووە، لەبەرئەوەی ئەم ناوە زۆر پێش دامەزراندنی شانشینیی ئۆرارتیی لە سەدەی سێزدەهەمی پێش زایین لە ناوە کەسییەکانی ئاشووریی دا بووە، جگە لەوە لە بانثیۆنی خوداوەندە خوورییەکان نییە کە زمان و شارستانییەتیان لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بە ئۆرارتییەکان.(Salvini, ٢٠٠٤, ٦٤.p) ئەم خوداوەندە لە نەخش و نیگارە کێشراوەکانی ئۆرارتیی لەسەر سیمای پیاوێک وێنەکراوە و تاجێکی لەسەرە، لە هەندێک لە نیگارەکان دا لەسەر پشتی شێرێک وەستاوە بەشێوەیەکی باڵدار و بە دەستی راست سڵاو ئەکات، بە دەستی چەپی رەمزێکی گرتووە (وێنەی ژ١) لەبەرئەوەی، خوداوەندی جەنگ بووە بۆیە کاتێک پاشا ئۆرارتییەکان برۆیشتنایە بۆ بەرەکانی جەنگ، ئەهاتن بۆ پەرستگا ئەپاڕانەوە بۆئەوەی ژیانیان پارێزراو بکات و سەرکەوتنییان پێ ببەخشێت چونکە، ئەرکی سەرەکیی ئەم خوداوەندە سەرکەوتنی سەربازیی بوو لە جەنگەکان دا.(Dara, ٢٠١٤, ٩٩.p)

وێنەی ژ١: خوداوەند خالدیی لە هەڵکۆڵدراوێکی دیار دا، ئێستا لە مۆزەخانەی (ئیریبونی) لە یەریڤان پارێزراوە (الصالحي، ٢٠٢٠، ص٨)



پاشاکانی ئۆرارتیی لە نووسراوەکانیاندا بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد کە سەرکەوتنە سەربازییەکانیان بۆ پشتیوانی خوداوەند خالدیی بووە و، ئەو سێبەری پاشا و سوپا بووە وەکوو خوداوەندێکی جەنگاوەر بە چەکەکانی سەرکردایەتی سوپا ئەکات، کە هێزێکی پاڵنەرە بۆ داگیرکردن پێ ئەچێت پێگەی خالدیی لە سوپادا هاوتا بێت لەگەڵ خوداوەند ئاشوور لە دەوڵەتی ئاشووریی دا، کە شەڕ و ئاشتیی لە رێگەی دەستپێشخەرییە ئیلاهیەکانی ئەوەوە روویداوە.(Çifçi, ٢٠١٨, ١٣٣.p) بۆ ئەم مەبەستە رێوڕەسمی سەربازیی لە پەرستگای ئەم خوداوەندە جێ بەجێ ئەکرا و پەرستگاکەی ئەڕازێنرایەوە بە چەندین چەکی جۆراوجۆر وەکوو شمشێر و رم و تیروکەوان و قەڵغان کە هەڵواسرابوون بەسەر دیواری پەرستگاکە، بۆیە هەندێ جار بە پەرستگای خوداوەند خالدیی ئەوترا(ماڵی چەک- بیت السلاح) (الصالحي،٢٠٢٠، ص٧) ئەم شێوازەی هەڵواسینی چەکە بەسەر دیوار و کۆڵەگەکانی پەرستگادا لە دواتر لە زۆرێک لە پەرستگاکانی رۆژهەڵاتی کۆن دا ئەبینرێت و جەنگاوەرەکان و قەڵغانەکانییان لە پەرستگا دائەنا بۆ پیرۆزیی و سەرکەوتنیان لە جەنگ و هەڵمەتە سەربازییەکان.(زاموا، ٢٠٠٩، ل٦٩١) رەنگە ئەم چەکانە بە شێوەیەکی رێوڕەسمی بەکارهێنرابن یاخوود لە

کۆتایی ڕێوڕەسمەکە وەک نیشانەیەک بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتن لە شەڕێکی داهاتوو دا پێشکەش بە خوداوەند خالدیی کرابن. (Dara, ٢٠١٤, ١٠٢.p) ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم شێوازە هەڵواسینە یەکێک بێت لە دیاردە ئایینیەکان کە ئۆرارتییەکان پێی هەڵساون و بە مەبەستی پیرۆزکردن و بەرزکردنەوەی پێگەی ئەم خوداوەندە یاخوود بەخشەری سەرکەوتنەکانیان داناوە بەوەی لە زیانی دوژمنەکان ئەیان پارێزێت.

)ئیشپۆینی- (Išpuini)(٨٢٨-٨١٠ پ.ز) یەکەم پاشای ئۆرارتیی بوو توانی پێگەی ئەم خوداوەندە بەرز بکاتەوە بیخاتە سەرووی خوداوەندەکان (Salvini, ٢٠٠٤, ٦٥.p) ئەم پێگە بەرزکردنەوەیە بە روونیی لە هەڵکۆڵدراوەکەی نزیك دەریاچەی وان بە دەرئەکەوێت کە بە مهیری دوور (دەروازەی مهیری)ناسراوە(وێنەی ژ٢). لەسەر ئەم دەروازەییە دەقێك هەیە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆیەمی پێش زایین بۆ سەردەمی هەردوو پاشای ئۆرارتیی ئیشپۆینیی و مینوای-Minua کوڕی(٨١٠-٧٨٥ پ.ز) ئەم هەڵکۆڵدراوە وردترین زانیاریی دەربارەی بانثیۆنی خوداوەندەکانی شانشینیی ئۆرارتۆ بە دەستەوە ئەدات، ناوی هەفتا و نۆ(٧٩) خوداوەندی ئۆرارتیی تێدا هاتووە، تیاییدا خوداوەند(خالدیی) لە پلەی یەکەم لە سەرووی هەموو خوداوەندەکان یەت، دواتریش خوداوەند تیشیبا (تیشۆب)بە پلەی دووەم یەت کە خوداوەندی گەردەلوول و برووسك بووە، پاشان خوداوەند شیفینیی(شەمەش) بە پلەی سێیەم یەت کە خوداوەندی خۆر بوو.(الاحمد و الهاشمي، د.ت، ص٣٤٤) پاشان ناوی چەند خوداوەندێکی تر یەت کە هەریەکەیان تایبەتن بە شارێک یان گەلێکی ژێر دەسەڵاتی شانشینی ئۆراتوو(نێروەیی، ١٩٩٧، لا١١). هەر لەم نووسراوەدا باس لە جۆری ئەو ئاژەڵانە کراوە کە وەک قوربانیی پێشکەش بە خوداوەندەکان کراون لەگەڵ ئاماژەکردن بە مانگ و کاتیی قوربانییەکە، هەروەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد پلەی یەکەم ئەدرێت بە خوداوەند خالدیی لەبەرئەو پێگەی ئایینییەی کە لە شانشینیی ئۆراتوو دا هەیبووە کە لە نووسراوەکەدا هاتووە ئەڵێت: " لە مانگی خوداوەندی خۆر دا ١٧سەر ئاژەڵ و ٦ بەرخ و ٣٤ مەڕ بکرێتە قوربانی خوداوەند خالدیی، جگە لەوە ژمارەییەک ئاژەڵیش ئەبێت بکرێتە قوربانی گەورەیی، گەنجیی، بەهێزیی، چەک، دەروازە و دەسەڵاتەکانیی خالدیی، شایەنی ئاماژەپێدانە هیچ خوداوەندێکی تر لە بانثیۆنی ئۆرارتیی دا بە ئەندازەی خالدیی ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی وەکوو قوربانی پێشکەش نەکراوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی ئەم خوداوەندە لەبەرئەوەی، ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی کراونەتە قوربانی بە پێی پێگەی خوداوەندەکانی تر کەم ئەبێتەوە؛ بۆ نموونە خوداوەندی تیشبا پێویستی بە ٦ مانگا و ٨ مەڕ هەیە بۆی بکرێتە قوربانی خوداوەند شیفینیی پێویستی بە ٢ مانگا و ٤ مەڕ هەیە بەم شێوەییە ژمارەی قوربانییەکان کەمتر ئەبێتەوە ". (Çifçi, ٢٠١٨, ١٢٧.p)

وێنەی ژ٢: هەڵکۆڵدراوی مهیری دور(دەروازەیی دور) لە شاری وان لە کوردستانی باکوور(Çifçi,٢٠١٨,١٢٦.p)



بە پێی ئەم نووسراوەی کە لە (مهیری دور) دۆزرایەوە دەرئەکەوێت کە هیچ خوداوەندێکی تر لە بانثیۆنی ئۆرارتیی دا نییە کە بتوانێت رکابەریی لەگەڵ پێگەی خوداوەند خالدیی بکات، بووە بە خوداوەندی پاشاییەتی لە ئایدۆلۆژیای ئۆرارتیی دا.(Dara,٢٠١٤,p.١٠٠) ئەو پێگە و گرنگییەی لەم هەڵکۆڵدراوە دا بەم خوداوەندە دراوە ئەوە دەرئەخات کە زیاتر لە خوداوەندێکی باڵا بووە، بەڵکوو وەک پارێزەری شانشینیی و هێمای شانشینیی و ناسنامەی ئۆرارتیی بووە، خوداوەند خالدیی و پەرستگاکەی هاوتای خوداوەندی نەتەوەیی ئاشوور بوو لە دەوڵەتی ئاشووریی دا، هەروەها هاوسەری خوداوەند خالدیی (ئاروبانی) بوو کە لەم هەڵکۆڵدراوە دا ناوی هاتووە و پلەی شەست و چوارەمی بەرکەوتووە لە کۆی هەفتا و نۆ خوداوەند دا.(Çifçi, ٢٠١٨, p.١٣١)

پاشایانی ئۆرارتیی لە دەقە نووسراوەکانیان دا جەختییان لە رۆڵ و پێگەی خوداوەندەکان کردۆتەوە، بەتایبەتی پێگەی خوداوەند خالدیی لە سەرکەوتنیان لە جەنگەکان دا ئەمەش بە گرنگترین هۆکاری ژیانییان بووە لەبەرئەوەی، ناوی خوداوەند خالدیی لە نووسراوەکانی ئۆرارتیی دا چەندین جار دووبارە بۆتەوە و هێز و پێگەیەکی بەرزی هەبووە بۆ نموونە پاشا ساردووری دووەم کوڕی ئەرگیشتی یەکەم(٧٦٣-٧٣٤ پ.ز) سەبارەت بە هەڵمەتێکی سەربازیی لە ناوچەی دەریاچەی سیڤان دا ئەڵێت: " لە پێناوی خوداوەند خالدیی ئەم دەسکەوتانەم لە ماوەی ساڵێکدا بەدەستهێنا " ئەم دەقە نووسراوانە سەبارەت بە دەربڕینی بیروباوەڕی پاشا ئۆرارتییەکان لە سەرکەوتنە سەربازییەکان بۆ هێز و چاکەی خوداوەند خالدیی ئەگەڕێننەوە.(Dara, ٢٠١٤, p.١٠٣) بەڵام دوایی شکستهێنانی پاشا سەردووری دووەم بەرامبەر بە پاشای ئاشووریی تیجلاتبلیزەری سێیەم(٧٤٤-٧٢٧ پ.ز) بنکەی شانشینیی ئۆراتوو لاواز بوو، ئەم بارودۆخە سیاسییە کاریگەری کردە سەر پێگەی خوداوەند خالدیی کە هێمای هێز و دەسەڵاتی ئۆرارتیی بوو، کە لە دەقێکدا هاتووە ئەڵێت: "خالدیی جەنگاوەر، بە رمە بەهێزەکەی خاکی بەزاند، رمەکەی خالدیی بەهێزە..." لەم ماوەیەدا پێگەی خوداوەند خالدیی کەم ئەبێتەوە بەتایبەتی لە سەردەمی رووسای یەکەم جێنشینی پاشا سەردووریی دووەم دا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پرۆسەی ئاینیی- سیاسیی ئۆرارتیی دا روویدا، لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا رووسا (تیشبا) بە گەورەیی خۆی ناو ئەبات، ئەمە یەکەم بەڵگەی راستەوخۆییە کە خوداوەندێکی تر خراوەتە پێگەی خوداوەند خالدیی جگە لەوە، پاشا رووسا شارێکی درووستکرد لە کەناری باشووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی سیڤان و تەرخانی کرد بۆ خوداوەند(تیشبا) سەرەڕایی ئەوە دەقەکانی تری ئۆرارتیی دا شاهێدی ئەوە ئەیەن کە رووسا هێشتا دڵسۆز بووە بەرامبەر بە پەرستنی خواوەند خالدیی.(Badalyan, ٢٠١٥, p.١٣٠)

سەرەڕایی ئەوە پاشاکانی ئۆرارتیی لەبەر پێگە بەهێزەکەی خوداوەند خالدیی هەستاون بە درووستکردن و نۆژەنکردنەوەی پەرستگا، هەروەها ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی خوداوەند و پەرستگا، پەرستگاکانیان لە گرنگترین شوێنەکان درووست ئەکرد بۆ سەڵماندنی هێز و دەسەڵاتی پاشاکان لە فەرمانڕەوایی کردن.(الصالحي،٢٠٢٠، ص٩) جگە لەوە زۆربەی چالاکی و پرۆژەکانی بیناسازیی و ئاوەدانکردنەوەی دەریاچە و چاندنی دار و باخچە و باخی مێوەی ترێ...هتد بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی شکۆمەندنی خوداوەند خالدیی کراون، هەمیشە لەکاتی بەجێهێنانی ئەم چالاکیانە پاشاکانی ئۆرارتیی قوربانییان پێشکەش بە خوداوەند خالدیی کردووە و ئاهەنگیان گێڕاوە(Erdem, ٢٠١٩, p.٢٠٨) وەکوو لە نووسراوی مهیری دووردا هاتووە ئەڵێت: " ئیشپۆینی کوڕی ساردووری و مینوای کوڕی ئیشپۆینی باخی ترێ نوێیان چاند، کە پێشتر هیچ شتێکی لەو جۆرە نەکراوە، هەروەها بۆ خوداوەند خالدیی(من) باخی مێوەی ترێم چاند... کاتێک باخی ترێ چێنرا(رنرا) با سێ مەڕ بکرێتە قوربانیی بۆ خوداوەند خالدیی و سێ مەڕیش بکرێتە قوربانیی هەموو خوداوەندەکانی تر "(Çifçi, ٢٠١٨, p.١٣٢) هەر سەبارەت بە چالاکیی ئاوەدانکردنەوە لە دەقێکی تر کە بۆ پاشا مینوا کوڕی ئیشپۆینی ئەگەڕێتەوە، باس لە درووستکردنی کەناڵ (القناة) ئەکات کە تیاییدا هاتووە ئەڵێت: "بە نیعمەتی خوداوەند خالدیی، مینوا کوڕی ئیشپۆینیی ئەم کەناڵەی درووستکرد

و نـاوی لێنا کەناڵـی مینـوا بـە گەورەیـی خالدیـی مینـوا بـوو بـە پاشـاییەکی بەهێـز، پاشـاییەکی گـەورە، پاشـا بەسـەر وڵاتی بیاینیلیـی، گـەورەی شـاری تووشـپا، مینـوا ئەڵێـت: هـەر کەسـێک وێرانـی بـکات، هـەر کەسـێک بیشـکێنێت، هـەر کەسـێک ئـەم کارە لـە رەگـەوە هەڵبکەنێـت یـان بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە ئـەم کەناڵـەی درووسـتکردووە خالدیـی و تیشـیبا و شـیڤینی و هەمـوو خوداوەنـدەکان لەنـاوی ئەبـەن" (أحمـد، ٢٠٠٥، ص٢٢٧) بـە درێژایـی مـاوەی شانشـینیی ئۆراتـوو خوداوەنـد خالدیـی پێگـەی بـاڵای خـۆی پاراسـت کـە ئـەو شـەرعیەتدەری پاشـایەتی ئۆرارتیـی بـوو، پەرسـتگا و مەزارگـەکانی خالدیـی گرنگتریـن شـوێن بـوون بـۆ پێدانی دەسـەڵات بـە پاشـا، لەگـەڵ ئەوەشـدا پاشـاکان بـۆ نیشـاندانی سوپاسـگوزاریی خۆیـان بـە بەردەوامیـی قوربانییـان بـۆ خوداوەنـدەکان ئەکـرد بەتایبـەتی بـۆ خوداوەنـد خالدیـی.( Çifçi, ٢٠١٨, p.١٣٢)

## ٣. شاری موساسیر(ئەردینیی) وەک پایتەختی ئایینیی ئۆرارتییەکان:

موساسـیر یاخوود(گونـدی مجێسـەری ئێسـتا) کۆنتریـن مەڵبەنـد و بنکـەی پەرسـتنی خوداوەنـد خالدیـی بـوو لـە لای ئۆرارتییـەکان لـە هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن دا، ئـەم شـارە نزیکـەی (١٨)کـم لـە باکووری قـەزای رەوانـدز و رۆژئـاوای گونـدی تۆبـزاوە دوورە. (أحمـد، ٢٠٠١، ص١٧٢) موساسـیر ئەکەوێتـە بـەشی باکـووری رۆژهـەڵاتی وڵاتی ئاشـوور واتـە رۆژئـاوای دەروازەی کێلەشـین، لـە رۆژئـاوا درێـژ ئەبێتـەوە بـۆ رەوانـدز لـە باشـوور دۆڵـی تۆبـزاوە هەیـە لـە باکوورەوە بادلیـان هەیە(بیـلال، ٢٠١٣، ص١٥٠) ئـەم شـارە ئەکەوێتـە دەرەوەی خاکـی ئۆراتـوو. پێـش دەسـتێوەردانی ئۆرارتییـەکان شانشـینێکی بچـووک و سـەربەخۆ بـوو وەکـوو هەریەکـە لـە شانشـینەکانی دەوروبـەری کـە بریتیـی بـوون لـە خوبوشـکیا و گیلزانـو و شـوبریا .... لـە ناوچـەکانی زاگـرۆس(Salvini, ٢٠٠٤, p.٦٥)

بـۆ یەکـەم جـار لـە تێکسـتێکی پاشـای ئاشـووریی ئاشـووورناصربالّی دووەم دا(٨٨٣-٨٥٩ پ.ز) نـاوی موساسـیر وەك هەرێمێـك هاتـووە، ئەمـەش کاتێـك پاشـا ئاشـوورناصربالّی دووەم بـاس لـە میوانداریيـەک ئـەکات کـە بـۆ مـاوەی(١٠) رۆژ بـەردەوام بـووە بـە بۆنـەی تەواوبـوون و کردنـەوەی پایتەختـە نوێیەکەی(کالـح) کـە تیاییـدا نوێنـەری هەرێمـی موساسـیر داوەتـی ئـەم میواندارییـە کراوە.(هەمەوەنـدی، ٢٠١٢، لا٤٥) ئـەو زانیاریانـەی سـەبارەت بـە هەرێمـی موساسـیر بەدەسـت گەیشـتوون لـە رێگـەی نـووسراوە ئاشـووریی و ئۆرارتییەکانـەوە بـووە، هییـچ نووسراوێکـی پاشـاکان یاخـوود حاکمەکانـی هەرێمـی موساسـیرمان بـە دەسـت نەگەیشـتووە تەنهـا مـۆرە لوولەییەکـەی پاشـا (ئورزانا)(وێنـەی ژ٣) و چەنـد نامەیـەکی نەبێـت، بۆیـە ناتوانیـن سـنووری ئـەم هەرێمـە بەدڵنیاییـەوە دیـاری بکەیـن، جگـە لەمـەش نەبوونـی هەڵکۆڵینـی شـوێنەواری لـە ناوچەکانـی باکـوور و رۆژهەڵاتـی کوردسـتانی عێـراق، هۆکارێکـی تـر بـووە بـۆ نەبوونـی زانیـاری دەربـارەی ئـەم هەرێمە.(هەمەوەنـدی، ٢٠١٢، لا٣٦-٣٧)

وێنەی ژ٣: دیمەنی مۆرەکەی ئورزانای حاکمی هەرێمی موساسیر(Lanfranchi & Parpola, SAA,Vol.٥, ١٩٩٠, p.١١١)



ئـەم شـارە لەلایـەن ئۆرارتییـەکان بـە (ئەردینـی) ناوئەبـرا، ئاشـوورییەکانیش پێیـان ئەوت(موساسـیر).(Gœtze, ١٩٥٢, ١٥٨.p) ئـەم شـارە مەڵبەنـدی پەرسـتنی خوداوەنـدی نەتەوەیـی ئۆرارتییـەکان و گەورەتریـن و بەناوبانگتریـن پەرسـتگای ئـەم خوداوەنـدەی تێدابـوو، رووگە(قیبلـە) و حەجـی ئۆرارتییـەکان لـەم شـارە ئەنجـام ئـەدرا، لـە جـەژن و بۆنەکانـدا بـە سـەدان دیاریـی بەنـرخ و قوربانیـی لەلایـەن پاشـا و خەڵکـەوە پێشـکەش بـە خوداوەنـد و پەرسـتگاکە ئەکرا.(زامـوا، ٢٠٠٩، ل٦٩٠)

ناوبانگـی موساسـیر(ئەردینی) بەهـۆی پیـرۆزی و پێگـە ئاینییەکـەی خوداوەنـد خالدیـی بـوو، پەرسـتنی ئـەم خوداوەنـدەش لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی نۆیەمـی پێـش زاییـن لەلایـەن پاشـاکانی ئۆرارتیـی گرنگیـی پێـدراوە، بەجۆرێـك پاشـاکانی ئۆرارتیـی شـانازییان ئەکـرد بـە سـەردانی کـردن بـۆ پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیی.(أحمـد، ٢٠٠٥، ص٢٢٧) پەرسـتگاکە ئەکەوێتـە ناوەڕاسـتی شـاری موساسـیر بـە شـێوەیەکی چوارگۆشـە درووسـتکرا بـوو، بنمیچێکـی شـێوە چـادری هەبـوو، هەرچەنـدە تەنها هەڵکۆڵینـی شـوێنەواریی ئەتوانێـت ئـەم راستییە بسـەڵمێنێت، بێجگـە لـە پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیـی لـە موساسیر، هییـچ پەرستگاییەکی تـری ئۆرارتیـی لـە هونـەر و ئایکۆنۆگرافیـای تـر وێنـە نەکـراوە، ئـەو زانیاریانـەی کـە دەسـتکەوتوون لـە هەڵکۆڵینـە شـوێنەوارییەکان دا سـەبارەت بـە بنمیچـی پەرسـتگاکانی ئۆرارتیـی سـنووردارە.(Marf, ٢٠١٤, ٢٠.p)   لـە ئەنجامـی گـەڕان و هەڵکۆڵینـە شـوێنەوارییەکان لـەم ناوچەیـەدا لـە نێـوان سـاڵانی (٢٠٠٥-٢٠١٢ز) توانـرا (١٧) بنکـە سـتوونی شـێوازی ئۆرارتیـی بدۆزرێتـەوە کـە بـۆ سـەدەکانی (٩-٨ پ.ز) ئەگەڕێتـەوە، بـە ئەگەرێکـی زۆرەوە لـە وێرانـەکانی بیناییەکـی گشـتی ئۆرارتییـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت، بـەو پێیـەی ئـەم جـۆرە بنکـە سـتوونانە تەنهـا لـە شـوێنی پەرسـتگاکانی ئۆرارتیـی ئەبینرێـن، ئەگـەر ئەمـە راسـت بێـت ئەبێـت پەرسـتگای خالدیـی بێـت کـە دەمێکـە ونبـووە. (Marf, ٢٠١٦, ١٩٠.p)

پاشـماوەی ئـەم شـارە تاکـوو ئێسـتا نەدۆزراوەتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی پێـش چەنـد سـاڵێك بـاس لـەوە کـرا ،کـە کنـە و پشـکنینەکانی (قـەڵای رەبـەت) لـە نزیـك شـاری سەردەشـت لـە کوردسـتانی رۆژهـەڵات دەریـان خسـتووە کـە موساسـیر قـەڵای رەبەتـە، بـەڵام دواتـر دەرکـەوت ئـەم شـوێنە شـارێکی کۆنـی هاوسـەردەمی موساسـیرە و موساسـیر نییـە، چونکـە، بەڵگـە نـووسراوە مێخییـەکان و نەخشـی دیواربەندەکانـی ئاشـووریی بـە روونیـی دەوڵەمەندیـی ئـەم شـارە و پێشـکەوتنی بیناسـازیی و کانزاکاریـی و لایەنەکانـی تـر پیشـان ئەیەن.(زامـوا، ٢٠٠٩، ل٦٩١) لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆرێـک لـە توێـژەران لەسـەر ئـەو  بۆچوونـەن کـە ئیـدارەی سـەربەخۆی سـۆران ناوجەرگـەی هەرێمـی موساسـیرە یاخـوود بـە شـێوەیەکی تـر گونـدی موجێسـەری ئێسـتا لـە کۆنـدا موساسـیری پایتەخـت بـووە.

## ٤. پێگە و پیرۆزی خوداوەند خالدیی لە روانگەی سەرچاوە شوێنەوارییەکان:

١.٤. لە میلەکەی کێلەشین:

ئـەم میلـە لـە کۆنـدا بـە دووریـی (٢٠٠)مەتـر لەسـنووری هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق دانـرا بـوو، لـە رۆژئـاوای سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران، لـەو شـوێنەی کێلەشـین ئەبەسـتێتەوە بـە دەروازەیەکـی شـاخاویی کـە بەهەمـان نـاو ناسراوە(باقـر و سـفر، ١٩٦٦، ص٢٣) ئـەم میلـە لـە بەردێکـی بازڵتـی شـێوە چوارگۆشـەیی درووسـتکراوە )وێنـەی ژ٤)بـەشی سـەرەوەی شـێوەییەکی کەوانەیـی هەیـە و لەسـەر بنکەیەکـی چوارگۆشـەیی دانـراوە، بەرزیـی میلەکـە نزیکـەی (٢)مەتـرە و پانیەکەیـی (٦٠)سـم و ئەسـتوورییەکەی (٣٠)سـم ئەبێت.(الامیـن، ١٩٥٢، ص٦٣-٦٤) لێکۆڵـەر و رۆژهەڵاتنـاسی ئەڵـمانی (شـولتز) یەکـەم کـەس بـوو لەسـاڵی (١٨٢٩ز) هاتـە ناوچەکـە و سـەردانی میلەکـەی کـرد و نووسـینەکانی سـەری کۆپیکـرد، بـەڵام لەلایـەن خەڵکـی ناوچەکـە شـولتز ئەکوژرێـت و هەمـوو بەڵگـە و کۆپییـەکانی دەقـی میلەکـە لەنـاو ئەچێت(أحمـد، ٢٠٠١، ص١٧٢) دوایـی شـولتز چەنـدان رۆژهەڵاتنـاسی تـر سـەردانی میلەکەیـان کـردووە، لەوانـە ژەنەراڵـی بەریتانی (هێـنری

رۆلنسـون) كاريـان لەسـەر كـردووە و دەقـەكانى ميلەكەيـان بڵاوكردۆتەوە.(برادۆسـتی ،٢٠٢١، لا١٥٢) ئـەم ميلـە دووچاريـى چەنديـن زەرەر و زيـان بۆتـەوە بـە هـۆكاری سروشـتيی و مرۆيـی، پـاش نزيكـەی (٢٨٠٠) سـاڵ لـە شـوێنى خۆيـدا مايـەوە دواتـر لـە مـاوەی شـەڕی هەشـت سـاڵەی نێـوان عێـراق و ئێـران لـە ناوەڕاسـتى هەشـتاكانى سـەدەی رابـردوو گواسـترايەوە بـۆ مۆزەخانـەی ورمێيـە ئێسـتا لەوێـدا پارێـزراوە.(Salvini, ٢٠٠٤, p.٦٣)

وێنەی ژ٤: میلەکەی کێلەشین وەرگیراوە لە:WWW.Wikipedia.org //:https))



مێژوويـى ئـەم ميلـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ نێـوان سـاڵانى(٨٢٠-٨١٠ پ.ز) واتـە بـۆ سـەردەمى فەرمانڕەوايـى هـەردوو پاشـاى ئۆرارتيـى ئيشـپۆينى و كوڕەكـەى مينـوا كـە هاوسـەردەمە لەگـەڵ فەرمانڕەوايـى پاشـاى ئاشـوورى شەمشـى ئـەدەدى پێنجـەم (٨٢٨-٨١٠ پ.ز) (Salvini, ٢٠٠٩, p.٤٩٨; ifçi, ٢٠١٨, p.Ç١٢٥) هـەردوو رووى ئـەم ميلـە بـە رێنـووسى مێخـى نـووسراوە لەسـەر لايەكـى بـە زمـانى ئۆرارتيـى نـووسراوە كـە لـە(٤١) دێـڕ نووسـين پێكيـەت و لاكـەى تـرى بـە زمـانى ئاشـووريى لـە(٤٢) دێـڕ نووسـين پێكيـەت، هـەردوو رووى ميلەكـە هەمـان نـاوەڕۆك و مانـا لەخۆئەگرێـت. (عقـراوى، ٢٠١٥، ص١٦٤)

ئـەم ميلـە لـە ئەنجامـى سـەردانێكى پاشـا ئيشـپۆينى و مينـواى كـوڕى بـۆ پەرسـتگاى خوداوەنـد خالديـى لـە موساسير تۆمـار كـراوە كـە لـە (دەقـە ئۆرارتيیەكـەى) سـەر ميلەكـەدا هاتـووە ئەڵێـت:

" كاتێـك ئيشـپوينى كـوڕى ساردورى، پاشـاى بەهێـز، پاشـاى شـورا، پاشـاى بيانـا، گـەورەى شـارى تووشـبا، (و) مينـوا كـوڕى ئيشـپۆينى، هاتنـە بـەردەم خالديـى لـە شـارى ئەردينـى، پەرستگايەكيان لـە شـوێنێكى بـەرز بـۆ خالديـى دروووسـتكرد لەسـەر رێـگاى سـەرەكيى، ئيشـپۆينى كـوڕى سـەردووريى نووسراوێكـى لـە بـەردەم پەرسـتگاكە دانـا، چەكـى جـوانى هێنـا، قـاپ و قاچاغـى لـە مـس دروووسـتكراو، بنكە(قاعـدة)ى مـسى هێنـا، گوڵدانێكـى مـسى هێنـا، لـە دەروازەی خالديـى دايـنا، (ئـەوان)ى بەخشـى بـە خوداوەنـد خالديى بـۆ ژيانى، لەگـەڵ چەندين ئاژەڵـى بەخشـى بـە خالديـى وەكـوو قوربـانى، ١١١٢ سـەر ئـاژەڵ، ٩٠٢٠ بـزن(؟) (و) مـەڕ وەک قوربـانى هێنـا، ١٢٤٨٠ بـزنى گـەورە(؟) تەرخانكـرد. كاتێـک ئيشـپوينى كـوڕى ساردورى، پاشـاى بەهێـز، پاشـاى شـورا، پاشـاى بيانـا، گـەورەى شـارى تووشـبا، هاتـە بـەردەم خالديـى لـە شـارى ئەردينـى، لـە رێگـەى نيعمـەتى خالديیـەوە ئـەم پەرسـتگايەی دروووسـتكرد.... وشـەكان (رەنگـە مەبەسـتى نـووسراوى سـەر ميلەكـەى كێلەشـين بێـت) لـە بـەردەم دەروازەكانى خالديـى دانـرا لـە شـارى ئەردينـى. كاتێـک ئيشـپۆينى كـوڕى سـەردووريى (و) مينـوا كـوڕى ئيشـپۆينى هاتـە بـەردەم خالديـى لـە شـارى ئەردينـى قوربانيـان بـۆ خالديـى تەرخانكـرد و پێشكەشـيان كـرد وتيـان: هـەر كەسـێک قوربانييـەكان لە بـەردەم دەروازەی پەرسـتگای خالديـى ببـات، هـەر كەسـێک هـاوكارى كەسـێكى تـر بـكات بـۆ بـردنى قوربانييـەكان ياخـوود شـاردنەوەی قوربانييـەكان لـە شـوێنێكى تـر لـە دەرەوەى ئەردينـى، هـەر كەسـێک ببيسـتێت (كـە) كەسـێک قوربانييـەكانى لـە بـەردەم دەروازەی خالديـى بـردووە، ياخـوود هـەر كەسـێک هـانى بـدات خوداوەنـد خالديـى تۆوەكـەى لەسـەر زەوى بسـڕێتەوە... هـەر كەسـێک ئـەم نووسراوەيـە لـەم شـوێنە لاببـات، هـەر كەسێک(بيشـكێنێت) هـەر كەسـێک ببێتـە هـۆى ئـەوەى كەسـێكى تـر ئـەم كارانـە بـكات، يـان ئەڵێـت برۆ(ئـەوە) لەنـاو ببـە، خوداوەنـد خالديـى، تيشـبا و شـيڤينى( و؟) خوداوەنـدەكانى شـارى ئەردينـى تـۆى (ئـەو) لەسـەر زەوى بسـڕنەوە. (Benedict, ١٩٦١, p.٣٨٣)

میلی کێلەشین بە گرنگترین سەرچاوە شوێنەوارییەکانی شانشینیی ئۆراتوو دائەنرێت کە رەهەندی ئاینیی شانشینی ئۆراتوو پێشان ئەدات، لەم پارچە شوێنەوارە دا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە خوداوەندی خالدیی لە پاشا ئیشپۆینییەوە بوو بە خوداوەندی نەتەوەیی ئۆرارتیی و سەرۆکی بانثیۆنی خوداوەندەکان بە درێژایی مێژوویی شانشینی ئۆراتوو وەکوو گەرەنتیکاری پاشاییەتی ئەمێنێتەوە.( Salvini, ٢٠٠٩, ٤٩٨.p)

لەم میلە دا پاشا ئیشپۆینی و کورەکەی مینوا ئاماژەیان بەوە کردووە کە پەرستگایەکیان بۆ خوداوەند خالدیی لە ئەردینی درووستکردوە، بێگومان ئێمە نازانین کە ئایا ئەم پەرستگاییە پێشتر بوونی هەبووە، یاخوود کێ پەرستگاکەی نوژەنکردۆتەوە و فراوانی کردۆتەوە بەڵام، لە کۆتایی هەزارەیی دووەمی پێش زایین لە دەقێکدا پاشا شەلمەنصەری یەکەم(١٢٧٤-١٢٤٥ پ.ز) شاری موساسیر بە شارێکی پیرۆز وەسف ئەکات، ئەمەش بەو مانایەیی کە شارەکە تەنانەت لە هەزارەی دووەمی پێش زایین دا وەکوو شارێکی پیرۆز ناسرابوو سەرەڕایی ئەوەی لەم ماوەیەدا هییچ دەقێکی نووسراو لەسەر خوداوەند خالدیی و پەرستگاکەی نییە، وەکوو چۆن لە نیوەی یەکەمی هەزارەیی یەکەمی پێش زایین دا خالدیی بوو بە خوداوەندی نەتەوەیی لەلای ئۆرارتییەکان، ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی کە ئەم شارە مەڵبەندێکی گرنگی ئاینیی بووە تەنانەت پێش هەزارەیی دووەمی پێش زایین دا.(Marf, ٢٠١٤ ,١٨.p)

٢.٤. لە میلەکەی تۆبزاوە:

ئەم میلە لە کۆندا لە گوندی تۆبزاوە بوو، کە نزیکەی(٧)کم لە ناحیەی (سیدەکان- برادۆست) دوورە، ئێستا لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێرە پارێزراوە (وێنەی ژ ٥) شێوەی ئەم میلە لاکێشەییە و لەسەر بناغەییەکی بەردین چەسپێنراوە، لە هەمان جۆری بەردی کێلەشین(بەردی بازڵت) درووستکراوە کە دوور نیە لە ناوچەکانی دەریاچەی ورمێەوە ئەم جۆرە بەردە هێنرابێت.(برادۆستی، ٢٠٢١، لا١٥٣-١٥٤) بەرزی میلەکە(١٣٣)سم و درێژیی بنکەکەی مەترێک و(١٦)سم و پانیەکەیی(٩٢)سم و ئەستووریی (٣٣)سم ئەبێت. (عقراوي، ٢٠١٥، ص١٦٧) رۆژهەڵاتناس و ژەنەڕاڵی بەریتانی(هێنری رۆلنسون) یەکەم کەس بوو کە لەساڵی (١٨٤١ز) لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم میلە کردووە و لە دوایدا شوێنەوارناسی فەرەنسی (دی مورگان) لە ساڵی (١٨٩٤ز) سەردانی میلەکەی کرد و دووبارە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە.(خورشید، ١٩٩٧، لا١٧)

وێنەی ژ ٥: میلەکەی تۆبزاوە لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر (وێنەگیراوە لەلایەن: توێژەر)



مێژوویی ئەم میلە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا رووسای یەکەم (٧٣٤-٧١٤ پ.ز)بە ساڵێک پێش هەڵمەتی هەشتەمی سەرجۆنی دووەم بۆ سەر شانشینیی ئۆراتوو درووستکراوە، لەسەر هەردوو رووی میلەکە دەقی مێخیی هەیە، روویەکی بە زمانی ئاشووری نووسراوە لە (٣٧) دێڕ نووسین پێکیەت و رووەکەی تری بە زمانی ئۆرارتیی نووسراوە لە (٣٨) دێڕ نووسین پێکیەت، شایەنی باسکردنە دەقە ئاشوورییەکە ئاسانکارییەک بوو بۆ زانیین و تێگەیشتن لە دەقە ئۆرارتییەکە.(André & others, ٢٠٠٢, ٦.p ; Salvini, ٢٠٠٩, ٤٩٩.p)

لە دەقە نووسراوەکەی سەر ئەم میلە دا گرنگیی و پێگەی خوداوەند خالدییمان بۆ دەرئەکەوێت کە توانیویەتی دووبارە رۆژانی خۆشی بۆ ئورزانا بگەڕێنێتەوە کە تیاییدا هاتووە ئەڵێت:

"ئورزانـا پاشـای شـاری موساسـیر داوای فریاکەوتنـی لـە رووسـای کـوڕی پاشـای ئۆرارتیـی سـاردور کـرد، بـۆ پاراسـتنی ژیانـی و رزگارکردنـی لـە دەسـەڵاتی ئاشـوورییەکان، هاوپەیـمانی لەگەڵـدا بـکات، بۆیـە فەرمانییـدا سـوپاکەی بەهێـز بـکات خوداوەندیـش چاکـەی بـۆ پاشـای موساسـیر (ئورزانـا) ویسـت و گوێـی لـە قسـەکانی خوداوەنـد خالدیـی گـرت و بەهانـای رووسـا هـات، (رووسـا)ش هاوپەیـمانی ئورزانـای قبوڵکـرد بـە پاشـای موساسـیری دەستنیشـانکرد و شـوێن پـێ خـۆی لەوێـدا، لەوسـاڵ جێگیـر کـرد؟ کاتێـك رووسـا لـە موساسـیر لەگـەڵ پاشـا ئورزانـا بـەرەو پەرسـتگای خوداوەنـدەکان چـوون، ئورزانـا بەرامبـەری وەسـتا و سـوێندی لایەنگیـری و دڵسـۆزی خـوارد بـۆ پاشـای ئۆرارتیـی رووسـا و قوربانـی پێشـکەش کـرد لەگـەڵ رژانـدنی شـلەمەنی لەبـەر پێـی خوداوەنـد خالدیـی، پاشـا (رووسـا) پەرسـتگایەکی بـۆ خوداوەنـد خالدیـی لـە موساسـیر دروستکـرد، ئورزانـا لەگـەڵ سـوپاکەی لـە بـەردەم پەرسـتگا پاڕانـەوە، دوایـی ئـەوە ئورزانـا هەمـوو هێـزەکانی خـۆی خسـتە ژێـر دەسـەڵاتی پاشـا رووسـا، کاتێـك خوداوەنـد خالدیـی لەگەڵـی هاتـە قسـەکردن و فەرمانـی پێکـرد هێـرش بـکات، رووسـا بـەرەو چیـاکانی وڵاتی ئاشـوور چـوو، هێزێکـی ئاشـوورییەکانی لـە چیـاکانی موساسـیر دەرکـرد، گەڕایـەوە موساسـیر قوربـانی پێشـکەش کـرد و بـۆ مـاوەی (١٥) رۆژ لـە موساسـیر ئاهەنگـی گێـڕا، بـەم جـۆرە فەرمانڕەوایـی ئورزانـا جێگیـر بـوو و گیـانی پارێـزرا، دوایـی ئـەوە رووسـا گەڕایـەوە وڵاتەکـەی خـۆی "(خورشـید، ١٩٩٧، ل١٧-١٨؛ عقـراوي، ٢٠١٥، ص١٦٨-١٦٩)

## دەقی نووسینی سەر ئەم میلە بەم شێوەییە کۆتایی یەت کە ئەڵێت:

" مـن رووسـام خزمەتـکاری خوداوەنـد خالدیـی، شـوانی راسـتەقینەی خەڵـك، بـە یارمـەتی خوداوەنـد خالدیـی مـن لـە شـەڕ نەترسـام، خالدیـی هێـز و خـۆشی پێبەخشـیم، لـە سـاڵانی خۆمـدا وڵاتی ئۆراتـووم گەورەتـر کـرد، مـن وڵاتی دوژمنـم بەرتەسـک کـردەوە، خوداوەنـدەکان رۆژانی خۆشـیان پێـدام، خۆشـیان لـە دڵمـدا بڵاوکـردەوە، دوای سـەرکەوتنێکی تـەواو جێگیرکـردنی ئاشـتیی پێبەخشـیم، هـەر کەسـێک ئـەو نـووسراوە لابـات یاخـوود بیشـکێنێت و هـەر کەسـێک لـەم کارانـە ئـەکات، ئـەوا خوداوەنـد خالدیـی و ئـەدەد و شـەمەش و هەمـوو خواوەنـدەکان نـەوەکانی لەنـاو ئەبـەن و ناوەکـەی ئەسـڕنەوە " (, ٢٠٠٢, Andr.p١٩é؛ Roaf, ٢٠١٢, ١٩٣.p)

میلەکـەی تۆبـزاوە بەڵگەیەکـی ئاشـکراییە کـە بـاس لـە فریاکەوتنـی ئورزانـا فەرمانڕەوایـی موساسـیر ئـەکات لەلایەن پاشـای ئۆرارتیـی رووسـاوە، دوایـی ئـەوەی ئورزانـا گەمـارۆدراوە لەلایـەن پاشـای ئاشـووریی سـەرگۆنی دووەم، دوایـی ئازادکـردنی دووبـارە ئورزانـا ئەخرێتـە سـەر تەختـی موساسـیر، رووسـا لـە موساسـیر ئەمێنێتـەوە بـۆ مـاوەی (١٥) رۆژ ئاهەنـگ ئەگێڕێـت و قوربـانی پێشـکەش بـە پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیـی دەکات، هەروەهـا سـوپاس و ستایشـی خوداوەنـد خالدیـی ئـەکات کـە رۆژانی خۆشـیان پێبەخشـییووە.(Salvini,٢٠٠٤,p.٦٧)

ئـەم دوو میلـە لەسـەر رێـگای سـەرەکیی بازرگانیـی لـە دەروازەکانی موساسـیر بـۆ دەریاچـەی ورمـێ یاخـوود پایتەختـی ئۆرارتیـی دانرابـوون ئـەم رێـگا سـەرەکییە بازرگانییـە ئەتوانرێـت ناوبنرێـت رێـگای شـاهانەی ئۆرارتیـی، هەروەهـا لـە نـووسراوەکانی سـەر هـەردوو میلەکـەی کێلەشـین و تۆبـزاوە دا بـاس لـە رێوڕەسـم و پێشـکەش کـردنی قوربـانی بۆ پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیـی لـە شـاری موساسـیر ئـەکات ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پێگـە بەهێـزەی کـە خوداوەنـد خالدیـی هەیبـووە لـە شانشـینیی ئۆراتـوو دا.(Marf, ٢٠١٤, p.٢٤)

٥. هێرشی ئاشوورییەکان و تالانکاری پەرستگای خوداوەند خالدیی و ڕەنگدانەوەی لە هونەری ئاشووریی دا:

بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتی ئاشووری و شانشینیی ئۆراتوو بەردەوام لە شەڕ و ململانێ دابوون، لەسەر ناوچەکانی دەوروبەریان و فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتیان، بەتایبەتی دوای ئەوەی شانشینیی ئۆراتوو لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا ساردوری یەکەم(٨٤٤-٨٢٤ پ.ز) بووە هێزێکی دیار و کاریگەر لە ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات، بۆیە ئاشوورییەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا شەلمەنصەری سێیەم(٨٥٨-٨٢٤ پ.ز) چەند هەڵمەتێکیان ئەنجامدا بۆ سەر ئەم ناوچانە، مەبەست لەمە کۆنترۆڵکردنی ڕێگا بازرگانییەکان دەسکەوتنی باج و پیتاک بوو لەم ناوچانە کە گرنگییەکی ستراتیجییان بۆ وڵاتی ئاشوور هەبوو.(البرواری، ٢٠١٢، ص١١٤)

یەکێك لەو هەڵمەتە سەربازییانەی کە ئاشوورییەکان بۆ سەر ئۆرارتییەکان ئەنجامیان دا، کە بە هەڵمەتی هەشتەمی سەرگۆنی دووەم(٧٢١-٧٠٥ پ.ز) ناسراوە، سەرگۆن لە زستانی ساڵی (٧١٤ پ.ز) دەستیکرد بە کۆکردنەوەی سووپایەکی گەورە، لە بەهاردا لە سەرەتایی توانەوەی بەفر لە چیا سەختەکانی زاگرۆس، سەرگۆن سوپایەکی کاملکرد بە هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی سەربازیی و لە مانگی تەمموزی (٧١٤ پ.ز) سەرگۆن دەستیکرد بە بانگەشەکردن و نامەییەکی نارد بۆ خوداوەند ئاشوور لە خوداوەند ئاشوور پاڕایەوە و داوای سەرکەوتنی لێکرد(علی، ١٩٨٣، ص٨٤ ؛ کونتینو، ٢٠١٥، ص٢٨٥-٢٨٦) لە دوای ئەم هەڵمەتە سوپای ئاشوور گەڕایەوە بۆ شاری نەینەوای پایتەخت، بەڵام لە گەڕانەوەدا بڕیاری دا لەگەڵ نزیکەی هەزار سەربازی سوارچاکدا هێرش بکاتە سەر هەرێمی موساسیر، هۆکاری ئەم هەڵمەتەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کاتێك سەرگۆن یەتە سەر تەختی پاشایەتیی، زۆرێك لە پاشا و فەرمانڕەوایی وڵاتان دێنە هەرێمی (خوبوشکیا) بە مەبەستی شەرعیەتدان بە دەسەڵاتەکەی و پێشکەش کردنی دیاری، بەڵام لەنێو ئامادەبووانیدا پاشای موساسیر (ئورزانا)ی تێدا نەبووە چونکە، هاوپەیمان بووە لەگەڵ پاشای ئۆرارتیی رووسا جگە لەمەش، دیاری پاشایەتی بۆ نەنارد و باج و سەرانەی پێنەداوە.(ساکز، ١٩٧٩، ص١٤٧؛ الامین ١٩٤٩، ص٢٤٥ ؛ عقراوی، ٢٠١٥، ص١٢٦) هەروەها ئاماژە بەوە ئەکرێت کە (ئورزانا) یاخی بووە لە سەرجۆن نێردراوی نەناردووە بۆ ئەوەی داوای ئاشتی و لێخۆشبوونی لێ بکات، ئەم هەڵسوکەوتەی ئورزاناش وای لە سەرگۆن کردووە بە دوژمنی بزانێت و سزادانی بە پێویست زانیووە.(علی، ١٩٨٣، ص٨٩ ؛ بیلال، ٢٠١٣، ص١٥٩؛ کونتینو، ٢٠١٥، ص٢٩٠)

سەرگۆن کاتێک گەیشتە موساسیر شارەکە بە بۆنەی دانانی پاشای نوێی شانشینەکە ئاهەنگیان ئەگێڕا، لەو کاتەدا سوپای ئاشووریی هێرشیکردە سەر شارەکە و دەستیانگرت بەسەر دەسکەوتێکی زۆری پەرستگای خوداوەند خالدیی و کۆشکی پاشایەتی بەڵام، حاکمی شارەکە (ئورزانا) هەڵات بۆئەوەی ژیانی خۆی رزگار بکات، ئاشوورییەکانیش ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەیان دیلکرد لە نێو دیلکراوەکان دا بنەماڵەی ئورزانای تێدابوو، لە دوای ئەوەی شارەکە ملکەچی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بوو، پاشای ئاشوور فەرمانبەرێکی ئاشووریی بۆ سەرپەرشتی کردنی شارەکە دانا و شاری موساسیر بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی ئاشووریی.(الامین، ١٩٤٩، ص٢٤٥) سەرگۆن لە یەکێک لە تۆمارەکانی دەربارەیی ئەم هەڵمەتە ئەڵێت: " لە ژمارەی جەنگاوەرەکانم کەمکردەوە ریزبەندی سوپاکەیانم تێکدا، لەشکری ئۆراتوو، ئەو دوژمنە بەدکارە و هاوپەیمانەکانیم بەزاند، جۆگە و دۆڵەکانم پڕ لە کەلاکی ئەسپەکانیان کرد، لە کاتێکدا ئەوان وەکو مێروولە لەناو بیاباندا، لە ناهەموارترین کوێرە ڕێیەکانەوە، بە دوای دۆزینەوە ڕێگای هەڵاتن ئەگەڕان بە پاڵپشتی ئامێرە جەنگییە تۆقێنەرەکانم بە دوایان کەوتم".(Luckenbil, ١٩٢٧, Vol.٢,


٨٢.p) دوای هێرش کردنە سەر موساسیر و تاڵانکرنی شارەکە، سەرگۆنی دووەم لە نووسینەکانیدا ئەڵێت: "موساسیر مەڵبەندی خوداوەند خالدییم ئابڵوقەدا و داگیرم کرد، تیایدا خێزانی ئورزانا، کوڕەکانی، کچەکانی، ٦١٧٠ کەسم بە بەدییلگرت، ٦٩٠ ئێستر و گوێدرێژ، ٩٢٠ [سەر ئاژەڵ]، ١٠٠٢٢٥ مەڕ، ئەوانەم هێنا، ٣٤ تالێنت، ١٨ مینا لە زێر، ژمارەیەکی زۆر لە بەردی بەنرخ....، گای بڕۆنزی و مانگای بڕۆنزی و گۆلکی بڕۆنزی...... چەندین کەلوپەلی بەنرخی تر هێنام بۆ وڵاتی ئاشوور".(Luckenbil, ١٩٢٧, ٢.Vol, ٩.p)

هەروەك لەو تێکستانەی هاتووە ئاماژە بەوە ئەکرێت کە پاش ساڵێك لەم تاڵانکارییە لە ساڵی (٧١٣ پ.ز) پەیکەری خوداوەند خالدیی گەڕێندراوەتەوە بۆ موساسیر ئەمەش لە ئەنجامی رێکەوتنێك بووە لە نێوان ئاشوورییەکان و ئۆرارتییەکان، مەبەست لەم رێکەوتنە تەنها بۆ وەرگرتنەوەی پەیکەری خوداوەند خالدیی بووە .(هەمەوەندی، ٢٠١٢، لا٥١ ؛ بیلال، ٢٠١٣، ص١٥٧) ئەمە ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە کە خوداوەند خالدیی پێگەیەکی دیار و رۆڵێکی باڵای هەبووە لە شانشینیی ئۆراتوو دا، تا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە ئاشوورییەکان و ئۆرارتییەکان رێکەوتن ئەنجام بدەن بۆ مەبەستی گەڕانەوەی پەیکەری ئەم خوداوەندە، لەبەر ئەو پیرۆزی و کاریگەرییەی بەسەر شانشینەکەی هەیبووە.

لە دوای هەڵمەتی ئاشوورییەکان بۆ سەر شاری موساسیر تاڵانکردنی پەرستگا و شارەکە، دیمەنی سەرکەوتنەکانی لەسەر دیواربەندێك لە کۆشکی شاهانەی پاشا سەرگۆن لە شاری خورسباد(دور- شاروکین) بەنەخشێکی دیار رووی بینای کۆشکەکەی پێ رازێنراوەتەوە (وێنەی ژ ٦) وەکوو دەرئەکەوێت پەرستگای خوداوەند خالدیی لە ناوەڕاستی شارەکەدایە لەسەر سەکۆیەکی بەرز بنیاتنراوە ئەم سەکۆیە هەیبەت و شکۆمەندییەکی بە بیناکە بەخشیووە لە نێو بیناکانی تری شارەکەدا جیای کردۆتەوە، بنمیچێکی شێوە ژمارە هەشتی هەیە وەکوو شێوەی چادر(الخیم) واییە، لوتکەی بنمیچەکەی شێوەی سەرە رمێکی درێژی پێوەیە کە یەکێکە لە هێماکانی خوداوەند خالدیی، لە رووی لای دەروازەی پەرستگاکەوە چەند کۆڵەگەیەکی ئەستوور دەرئەکەون وا پێئەچێت لەهەمان کاتدا بۆ جوانی و پتەوکردنی دیوارەکان بێت.(نێروەیی،١٩٩٧، لا١١ ؛Radner, ٢٠١١, ٧٤٧.p) لە پێشەوەی پەرستگاکە شەش ستوون هەیە دەروازەیەکی لە ناوەڕاستی دا هەیە، دیوارەکان رازێنراوەتەوە بە پارچەی کانزایی لە هەردوو لای دەروازەکە دوو پەیکەری برۆنزیی هەیە لە حاڵەتی خوداپەرستی دان بە دوو رمی درێژ وەستاوون ئەم شێوازە هاوشێوەی پەرستگاکانی وڵاتی ئەنادۆڵە لە سەردەمی نشینگەکانی یۆنانی دا. (الأحمد و الهاشمي، د.ت، ص٣٤٤) لە لای راستی پەیکەری ئاژەڵێکی شێردەر دەرئەکەوێت کە بێچووەکەی لە نێوان قاچەکانیەوە شیر ئەخوات، لە بەردەم دەرگای پەرستگاکەدا دوو گۆزەی گەورە هەیە کە پێئەچێت گۆزەی ئاو یان شەراب بن، لەوانەیە بەکارهاتبێت بۆ هەندێك نەریت و رێوڕەسمی ئاینیی لە حەوشەکەدا، چەند جەنگاوەرێکی ئاشووری بە دیواری پەرستگاکەدا بە پەت سەرئەکەون و چەکەکانیان لە پشتیان بەستووە و هەر یەکێك لەوانە دوو قەڵغانی پێیە ئەم قەڵغانانە بە بنمیچی پەرستگاکەوە هەڵواسرابوون جەنگاوەرەکان بە تاڵانی ئەیبەن.(Marf, ٢٠١٤, ١٩.p )

وێنـەی ژ ٦: دیمەنـی تاڵانـکاری و داگیرکردنـی شـاری موساسـیر و پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیـی لەلایـەن ئاشـوورییەکان لەسـەر دیواربەندێکـی کۆشـکی سـەرگۆنی دووەم لـە شـاری خورسـباد.(Marf, ٢٠١٤, ١٩.p)

لـە لای چه پـد ا




قەڵاییەکـی دوو قاتـی بـەرز هەیـە و لـە سـەربانی قەڵاکـەدا چەنـد کەسـێك دەسـتییان بـۆ ئاسـمان بەرزکردۆتـەوە و نوێـژ و نـزا ئەکـەن بـۆ ئـەوەی رزگاریـان ببـێ لـە هێرشـی داگیرکـەری ئاشـووری، هەرچەنـدە دەموچاویـان دیارنییـە بـەڵام پێئەچێـت ژنانـی ئۆرارتیـی بـن، لـە لای چەپـی پەرسـتگاکەوە گردێکـی بچـووك هەیـە و لـە پشـت گردەکـەوە خانووەکانـی شـارەکە بـە قەدپاڵـی چیـا دروسـتکراون، لـە سـەروو ماڵەکانـەوە کەسـێکی پلـە بەرزیـی نزیـك لـە پاشـا کـە پـێ ئەچێـت لـە خەسـێنراوەکان بێـت، چونکـە ریـش و سـمێلی نییـە و قژێکـی درێـژی هەیـە و جلوبەرگەکـەی تایبەتـە، لەسـەر کورسـییەك دانیشـتووە دوو نووسـەر لـە بەردەمیـدا تاڵانییـەکانی جەنـگ تۆمـار ئەکـەن. (زامـوا، ٢٠٠٩، ل٦٩٢-٦٩٣)

لـە مێژوویـی دەوڵـەتی ئاشـووریی دا سـێ شـوێنی پیـرۆزی ئاینیـی رووخێـنراوە و تاڵانکـراوە کـە لـە دەقـە مێخییـە ئاشـوورییەکان ئامـاژەی پێکـراوە ئەوانیـش هەریەکـە لـە (موساسـیر و بابـل و سوسـە)یە، ئەم سـێ بنکـە ئاینییـە کاریگەری هەبـوو لەسـەر لایـەنی سیاسـیی و ئابووریـی دەوڵـەتی ئاشـووریی لەبەرئـەوەی، ئەکەوتنـە سـەر رێـگای سـەرەکیی بـازرگانی دەوڵـەتی ئاشـوور، بۆیـە ئاشـوورییەکان لـە سـەردەمی بنەماڵـەی سـەرگۆنی(٧٢١-٦١٢ پ.ز) ئـەم بنکانەیـان لەناوبـرد و پەرسـتگاکانیان تاڵانکـرد بۆئـەوەی چیـتر لـەم ناوچانـە دەسـەڵاتی سیاسـیی و ئایینـی سـەرهەڵنەداتەوە نەبـن بـە هەڕەشـە بـۆ سـەر سـەروەری دەوڵـەتی ئاشـووریی.(هەمەوەندی،٢٠١٢،ل٤٧)

## دەرئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێك لەوانە:

- ئاییـن لای ئۆرارتییـەکان گرنگـی و پێگەیەکـی پیـرۆزی هەبـووە، ئۆرارتییـەکان وەك زۆربـەی نەتـەوە و گەلانـی تـر چەندیـن خوداوەندییـان پەرسـتووە، بـەڵام دیارتریـن و پیرۆزترینیـان خوداوەنـدی خالدیـی بـووە، مەڵبەنـد و پەرسـتگای تایبەتـی ئـەم خوداوەنـدە لـە شـاری موساسـیر بـوو، کـە بـە یەکێـک لـە گەورەتریـن و پیرۆزتریـن پەرسـتگای ناوچەکانـی زاگـرۆس دائەنرێـت.

- شـاری موساسـیر(ئەردینی) پایتەختـی رۆحیـی و ئایینیـی ئۆرارتییـەکان بـووە، لـە هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن دا شـارەکە لەلایـەن ئۆرارتییـەکان بـە ئەردینـی لـە لای ئاشـورییەکان بـە موساسـیر نـاوی هاتـووە، شـوێنەواری ئـەم شـارە ئەکەوێتـە نـاو جەرگـەی گونـدی مجێسـەر لـە ناحیـەی سـیدەکان لـە قـەزای روانـدز.

- بـە درێژایـی مـاوەی شانشـینی ئۆراتـوو خوداوەنـد خالدیـی پێگـەی بـاڵای خـۆی پاراسـت ئـەو شـەرعیەتدەری پاشـایەتی ئۆرارتیـی بـوو، پەرسـتگا و مەزارگـەکانی خوداوەنـد خالدیـی گرنگترییـن شـوێن بـوون بـۆ پێـدانی دەسـەڵات بـە پاشـا، پاشـاکانیش بـۆ پێشـاندانی سوپاسـگوزاری خۆیـان بـە بەردەوامـی قوربانیـان پێشـکەش بـە خوداوەنـد خالدیـی ئەکـرد.

- لـە پاشـماوە شـوێنەواریی و سـەرچاوە نـووسراوەکانی ئـەم شانشـینە دا، بـە تایبەتـی لـە هـەردوو میلەکـەی (کێلەشـین و تۆبـزاوە)دا، پێگـە و پیـرۆزی ئـەم خوداوەندەمـان بـۆ دەرئەکەوێـت، هەروەهـا لـە دەقـە نووسراوەکانـدا هاتـووە کـە پاشـاکانی ئۆرارتیـی شـانازییان کـردووە بـە سـەردانیکردنی پەرسـتگای خوداوەنـد خالدیـی و پێشکەشـکردنی قوربانـی بـۆی، سـەرەڕایی ئـەوە بـۆ ئەنجامدانـی هـەر جەنـگ و لەشکرکێشـیەك نوێـژ و پاڕانەوەیـان بـۆ خوداوەنـد ئەنجـام داوە.

- لـە کۆتاییـدا بەهـۆی ئـەو دەسـەڵاتە باڵاییـەی کـە ئۆرارتییـەکان لـە ناوچەکـە دا هەیانبـووە، بوونەتـە جێگـەی مەترسـی بـۆ سـەر ئاشـوورییەکان، ئاشـوورییەکان چەندیـن هەڵمەتـی سـەربازییان ئەنجـام داوە، کۆتـا جـار لـە سـەردەمی سـەرگۆنی دووەمـی ئاشـووری لەسـاڵی (٧١٤پ.ز) دەسـتیان گـرت بەسـەر شـاری موساسـیر و مەڵبەنـدی پەرسـتنی خوداوەنـد خالدیـی و تاڵانکردنـی پەرسـتگاکەیی.

## پەراوێزەکان:

خوورییـەکان: یەکێکـن لـە گەلـە کۆنـەکانی کوردسـتان، مێژوویـی دەرکەوتنیـان و رۆڵیـان لـە شارسـتانیەتی ناوچەکـەدا ئەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزارەی سـێیەم و دووەمـی پێـش زاییـن، نیشـتیمانی رەسـەنی خوورییـەکان ناوچـەکانی باکووری وڵاتی دوو رووبـارە، کـە درێـژ ئەبێتـەوە لـە نێـوان چیـاکانی تـۆرۆس نزیـک کەرکەمێـش بـۆ نزیـک دەریاچـەی وان.(أحمـد و رشـید، ١٩٩٠، ص ص٦٧-٧١) بـۆ زیاتـر زانیاریـی دەربـارەی گـەلی خوورییـەکان ئەڕوانرێتـە:(Speiser, ١٩٤١, 1ff.p)

ئاشـوورییەکان: یەکێکـن لـە گەلـە سـامییەکان(جزری) لـە باکـووری وڵاتی دوو رووبـار نیشـتەجێبوون لـە سـەرەتایی هـەزارەی سـێیەمی پێـش زاییـن، ئاشـوورییەکان راسـتەوخۆ لـە دوورگـەی عەرەبییـەوە نەهاتوونەتـە باکـووری وڵاتی دوو رووبـار بەڵکـوو بـۆ ماوەیەکـی کاتی لـە بەرزاییـەکانی رووبـاری فـورات و لێـوارەکانی رووبـاری بلێـخ نیشـتەجێبوون، پێـش نیشـتەجێبوونیان لـە ناوچەکـە دا گەلێـک لـەم ناوچەیـە ئەژیـان ناسرابـوون بـە سوبارییەکان(سـوبارتو) (البرواری، ٢٠١٢، ص٢٧)

کالح: بـە دووەم پایتەختـی ئاشـوورییەکان دائەنرێـت، لـە دەقـە مێخیـی و نـووسراوە ئاشـوورییەکان و لـە تـەورات دا بـە (کالـح- کالحـو) هاتـووە، بـە پاشـماوەیی شـارەکە ئەوترێـت نەمـرود، ئـەم شـارە ئەکەوێتـە رۆژهـەڵاتی رووبـاری دیجلـە بـە دووری (٣٧)کـم لـە باشـووری رۆژهـەڵاتی شـاری موسـڵ.(اغا و العراقـي، ١٩٧٦، ص٧-٨)

تووشـبا: بـۆ یەکـەم جـار نـاوی تووشـبا لـە سـەرچاوە مێخییـەکانی سـەردەمی ئاشـووری نـوێ دا لەسـەر تابلێتێـک لـە هوزیرینـا (سـوڵتان تەپـەی ئێسـتا) دۆزراییـەوە کـە مێژووەکـەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی فەرمانڕەوایـی پاشـا شـەلمەنصەری سـێیەم لـە تابلێتەکـە دا بـاس لـەوە ئـەکات کـە بـاج و سـەرانە لـە شـاری تووشـبا وەرگیـراوە کـە بـە

Turušpa نـاوی بـردووە(Işik & Genç, ٢٠١٢, ٧٢.p) هەروەهـا بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربارەیـی دامەزرانـدنی ئـەم شـارەی ئەڕوانرێتــە (Köro lu, ٢٠١٥, ١٢٠ff.p)

ئـەم بنکـە سـتوونیانە وەکـوو پلیکانـە و کـورسی لـە پێـش یـان نـاو حەوشـەی ماڵـەکان لەلایـەن گوندنشـینەکانی موجێسـر بەکارهێـنراوە، هەندێـک لەوانـە لـە باخـەکانی ترێـی گوندەکـەدا دۆزراونەتـەوە هەندێکـی تـر لـە خانـووە وێرانبـووەکان دا دۆزراونەتـەوە، زۆربـەی سـتوونەکان لـە ڕەنگـی بازڵتـی سـەوز دروسـتکراوون و بـە گشـتی قەبارەیـان وەکـوو یەکـە و تیرەیـان لـە نێوان(٥٦-٦٦)سـم و بەرزیـان لـە نێـوان (٣٢-٣٣)سـم دایـە، بـۆ زیاتـر زانیـاری ئەڕوانرێتـە: (Marf, ٢٠١٦, ١٨٩.p)

سکیسـییەکان: یەکێکــن لــە نەتــەوە هندۆ-ئەوروپییــەکان لــە بەشــەکانی باشــووری رووســیا لــە ســەرەتایی ســاڵانی فەرمانڕەوایـی پاشـا ئەسـەرحەدون(٦٨٠-٦٦٩ پ.ز) دەرکەوتـوون لـە هـەواڵ و تۆمـاری پاشـا ئاشـوورییەکان بـە شـێوەی ئەشــکوزییەکان(Ishkuzai) و لەســەرچاوە کلاســیکییەکان بــە شــێوەی سکیســییەکان(Scythians) ناویــان هاتــووە، بــە یەکگرتنـی ئەشـکوزییەکان لەگـەڵ کیمیرییـەکان بـوون بـە هێزێکـی بەهێـز و هەرەشـە بـۆ سـەر سـەروەری دەوڵـەتی ئاشـووری لـە ناوچـەکانی باشـووری تورکیـا و سـووریا.(باقر، ٢٠٠٩، ص٥٧٤-٥٧٥) بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی ئـەم نەتەوەیە ئەڕوانرێتـە: (أحمـد و رشـيد، ١٩٩٠، ص١٠١-١١٠)

کیمیرییـەکان(Cimmerians): یەکێکـن لـە نەتـەوە هندۆ-ئەوروپییـەکان لـە بەشـەکانی باشـووری رووسـیا لـە سـەردەمی پاشـا سـەنحاریب(٧٠٤-٦٨١ پ.ز) سـەریان هەڵـدا لـە تۆمـاری ئـەم پاشـاییە بـە شـێوەی گمیرایـا(Gimirrai) ناویـان هاتـووە، ئـەم نەتەوەیـە چیاکانی قەوقازیـان بـڕی لـە کۆتایـی سـەدەی هەشـتەمی پێـش زاییـن بـۆ ئاسـیایی ڕۆژئـاوا و وڵاتی ئەنـادۆڵ. (باقـر، ٢٠٠٩، ص٥٦٩)

سـەبارەت بـە ژمـارەی ئـەو خوداوەندانـەی لـە هەڵکۆڵـدراوەی دەروازەی دور(مهیـری دور)دا هاتـووە، مێژوونـووسی کـورد (جـمال رشـيد أحمـد) لـە پەرتووکەکـەی (لقـاء الكـرد في بـلاد البـاب و شروان،٢٠٠١، ص١٧٣) ئامـاژەی بـەو کـردووە کـە (٦٩) خوداوەنـدە.

ئاروبـانی: ئاشـوورییەکان پێیـان ئـەووت باگبارتـو، هاوسـەری خوداوەنـدی نەتەوەیـی ئۆرارتییـەکان بـوو کـە پەرسـتگاکەی لـە شـاری موصاصیـر بـوو، ئـەم خوداوەنـدە لـە تۆمـارەکانی سـەرجۆنی دووەمـی ئاشـوری نـاوی هاتـووە، کەلوپـەل و خشـڵەکانی تالانکـراوە پەیکەرەکـەی لەگـەڵ پەیکـەری خوداوەنـد خالـدی لەلایـەن ئاشـوورییەکان بـراوە بـۆ شـاری ئاشـوور، بـەڵام دوایـی سـاڵێک لـەم تالانکارییـە لـە ئەنجامـی ڕێکەوتنێـک لـە نێـوان ئۆرارتییـەکان و ئاشـوورییەکان پەیکەرەکـەی گەڕێنراییـەوە بـۆ موصاصیـر.(Luckenbil, ١٩٢٧, ٢.Vol, ٩٦.p)

خوبوشـکیا: ناوچەیەکـی شـاخاوییە، درێـژ ئەبێتـەوە لـە زاخـۆ تاکـوو لێـوارەکانی زێـی گـەورە لـە نێـوان شـاری وان لـە باکـوور و روانـدز لـە باشـوور.(أحمد، ٢٠٠٥، ج٢، ص٢٠٤-٢٠٥)

گیلزانو: شارێکی گرنگی مانایيەکانە، ئەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوایی دەریاچەی ئورمیە.(Salvini, ٢٠٠٤, ٦٥.p)

شوبریا: ئەکەوێتە باکووری ڕووباری دیجلە و خانیگلبات لە نصیبین.(الراوي، ١٩٨٦، ص٩٣)

کێلەشـین: یەکێکـە لـەو گـەروو ناسراوانـەی ئەکەوێتـە نێـوان شـنۆ و سـیدەکان، ئـەم نـاوەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ بـوونی میلێکـی بەردینـی ڕەنـگ شـین کـە پارچـە شـوێنەوارێکی کـۆنی شانشـینیی ئۆرارتییـە لـە ناوچەکـە دا، لەگـەڵ ئـەوەی لـە ڕۆژگاری ئەمـڕۆدا میلەکـە لـە جێـگای بنـەڕەتی خۆیـدا نەمـاوە، بـەڵام شـوێنەکە تاکـوو ئێسـتا هـەر بـەو نـاوەوە نـاسراوە،

سـەرەڕایی ئەوەیـی ناوی(کێلەشـین) بۆتـە نـاوی یەکێـک لـە شـاخە بڵنـدەکانی ناوچەکـە کـە بەرزییەکەی(٢١٨٠)مەتـرە. (نێروەیـی، ١٩٩٧، لا٩١) هەروەهـا وشـەی کێلەشـین لـە شـێوەی کوردیـی موکریـان دا واتـای کۆڵەکـەی شـین ئـەدات، کێـل بریتییـە لـەو پارچـە بـەردەی کـە موسـڵمانان لـە لای سـەری مـردوو لەسـەر گـۆڕەکان دایئەنێـن بـۆ دیاریکـردن و ناسـینەوەی گـۆڕی مردوو.(قەرەداغـی،١٩٩٩، لا١٨٠)

شورا و بیاینا: دوو ناوی ترن بۆ گەلی ئۆرارتو بەکارهاتوون.

دەریاچـەی ورمێـی: ئـەم دەریاچەیـە لـە سـەرچاوە ئاشـوورییەکان بـە تایبـەتی لـە سـەردەمی پاشا شـەلمەنصەری سێیەم بـە (دەریـای خـوارووی نائیـری) نـاسراوە، ئـەم ناوچەییـە زوو بـوو بـە بەشـێک لـە شانشـینیی ئۆرارتـو، بەڵگـەش بـۆ ئەمـە نـووسراوە مێخییـەکانی ئۆرارتییـە کـە لـەم ناوچەیـە دا لـە دامێنـی رۆژهـەڵاتی زنجیـرە چیـای زاگـرۆس و ناوچـە بـە پیتـەکانی دۆڵـی سـەلماس و شـاهپور و ورمێـی و نەغدە...هتـد دۆزرانـەوە.(Salvini,٢٠٠٩,p.٤٩٧)

لەبەرئـەوەی ئـەم هەڵمەتـە لـە سـاڵی هەشـتەمی فەرمانڕەوایـی پاشـا سـەرگۆنی دووەم دا ئەنجـام دراوە و سـەرجۆن خـۆی سەرلەشـکری ئـەو سـوپایە بـووە، بـۆ زیاتـر زانیاریـی دەربـارەی رێڕەویـی رووداوەکانی ئـەم هەڵمەتـە ئەڕوانرێتـە: (Wright, ١٩٤٣, pp.١٧٣-١٨٦; Zimansky, ١٩٩٠, pp.١-١٢)

لـە نامەکـە دا هاتـووە ئەڵێـت: " ئاشـوور باوکـی خوداوەنـدەکان، ئـەی پـەروەردەگاری گـەورە، بەزەییـت پێـمان بکـە بەزەیـی بـە هەمووـمـان بکـە، ئاشـوور گـەورەی خوداوەنـدەکان، گـەورەی گـەورەکان، بەنـاوی هەمـوو خوداوەنـدەکانی چارەنـووس کـە لە شـار و پەرسـتگاکەتدا نیشـتەجێن، بەناوت ئەی ئاشـوور، گـەورەی گـەورەکان، پاشـای ئیگیگی(خوداوەنده پلـە دووەکان) و ئانۆناگی(خوداوەنـدە پلـە یەکـەکان) درووسـتکەری هەمـوو شـتێک، گەورەیـی خوداوەنـدەکان، گەورەیـی خاکـەکان، پلاندانـەری خراپـە بـۆ دوژمنـان، فەرمانڕەوایـی زەوی و ئاسـمان، کـە دوژمنـان لەنـاو ئەبـات" (رمضـان، ٢٠١١، ص٢٣٥-٢٣٦)

سـەرەڕایی ئـەوە سـەرگۆنی دووەم هۆییـەکانی پەلامـاردانی موساسـیری بـەو راسـتییە لـە قەڵـەم دا کـە ئورزانا لە سـەروەختی هێرشـەکە دا ملکەچـی نەبـووە، بـاج و پیتاکـی نەداوەتـێ ئەمـەش لـە ناوەڕۆکـی نامەییەکـی ئۆرزانـا دەرئەکەوێـت کـە ئەڵێـت: " بـۆ پاشـا، گـەورەی مـن: بەندەکـەت ئورزانـا، تەندرووسـتی بـاش بـۆ پاشـا، گـەورەم پاشـا، گـەورەی مـن، کاروبـاری مـن ئەزانیـت گا و بەرانـەکان لـە کوێـن؟ بەفـر رێگاکـەی گرتـووە، ئێسـتا سـەیری دەرەوە ئەکـەم، مەحاڵـە: ناتوانـم بـە دەسـتی بەتـاڵ بچـم بـۆ ئامادەبـوونی پاشا یـان (گریـمان) چـووم و ناچاربـووم، رەنگـە لـە وڵاتی دوژمـن دا بمـرم" (Lanfranchi & Parpola, SAA,Vol.٥, ١٩٩٠, p.١١٠؛ سـالڤینی، ٢٠٠٥، لا٦٥)

تالینـت: یەکـەی کێشـانە بـە سـۆمەریی پـێ ئەوترێـت(GU) بـە ئەکەدیـی پـێ ئەوترێـت(biltu) یەکسـانە بـە کێشـی نزیکـەی (٣٠.٣)کغـم. (رشـید، ١٩٧٣، ص٢٦)

مینـا: یەکەییەکـی کێشـانە بـە سـۆمەریی پـێ ئەوترێـت (MA-NA) و بـە ئەکەدیـی پـێ ئەوترێـت(manû) یەکسـانە بـە کێشـی (٥٠٠)غم. (الدليمـي، ٢٠٠١، ص٣٠)

خورسـباد (دور- شـاروکین): ئەکەوێتـە دووری (١٥)کـم لـە باکووری رۆژهـەڵاتی شـاری موسـڵ، پاشا سـەرگۆن کردیـی بـە بنکـەی فەرمانڕەوایـی پاشـایەتی نـاوی لێنـا (دور-شرو-کیـن) واتـە شـاری سـەرگۆن. (صالـح، ١٩٨٧، ص٣١)

سـەبارەت بـە شـێوازی درووسـتکردنی بنمیچـی پەرسـتگای خوداوەنـد خالـدی دوو هـۆکار پێشـنیار کـراوە، یەکـەم: رەنگـە بنمیچـی پەرسـتگاکە بـە شـێوەی چـادر لـە چـادرەکانی گـەلانی نیمچـە کۆچەریی گەلی موساسـیری سـەرەتاییەوە سـەرچاوەی

گرتبێت، لەوانەیە ئەم پەرستگایە تەنانەت پێش ئەوەی ئۆرارتییەكان خالدی بە خوداوەندی نەتەوەیی خۆیان بزانن بوونی هەبوو بێت، خاكی موساسیر پێش سەدەیی (٩ پ.ز) تەنانەت لە سەردەمی پێكهاتەی سیاسیی موساسیریشدا (واتە لە ماوەیی سەدەی ٩-٧ پ.ز) بەشێك لە دانیشتوانی نیمچە كۆچەری بوون و تەنها كەمینەیەك لە شارەكاندا نیشتەجێ بووبن، رەنگە شێوەی چادرەكە لە شێوەی چادرە سەرەكییەكانی سەرۆك عەشیرەتەوە سەرچاوەی گرتبێت، كە خەڵكی نیمچە كۆچەری موساسیر بوون، ئەمەش شتێكی نامۆ نییە ئەگەر ئێستا سەیری هەمان ناوچە بكەین، ئەبینین زۆرینەی خەڵكەكە هێشتا لە خێڵە نیمچە كۆچەرییەكانن لە وەرزی پاییز و زستان دا لە گوندەكان ئەژین. دووەم: رەنگە درووستكردنی بنمیچی پەرستگاكە بەو شێوەییە بەهۆی كەشوهەوا و بەفر بارینی زۆر لە ناوچە شاخاوییەكان لە وەرزی زستاندا بگەڕێتەوە بۆئەوەی كە بەفر لەسەر بنمیچەكە كەڵەكە نەبێت، ئەم شێوازە رێگە بە بەفرەكە نادات لەسەر بنمیچەكە بمێنێتەوە، بەو پێیەی كە لە زستان دا بەفرێكی زۆر لە ناوچەكە ئەبارێت هەندێك جار ئەگاتە نزیكەیی مەترێك.(Marf, ٢٠١٤, p.٢١)

## لیستی سەرچاوەكان:


یەكەم/ سەرچاوە كوردییەكان:

- برادۆستی، زێدان رەشید خان ئاودل، (٢٠٢١)، دەڤەری برادۆست (جوگرافیا، مێژوو، شوێنەوار، كەلەپوور)، تەهران.

- خورشید، عبدالله، (١٩٩٧)، مەسەلەی تۆبزاوە، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ٢، هەولێر، لا لا١٦-١٩.

- زاموا، دڵشاد عەزیز، (٢٠٠٩)، هونەری ئۆرارتی لە پارێزگای هەولێر(١٣٠٠-٥٩٠ پ.ز)، ئینسكلۆپیدیای هەولێر(ئەربیل)، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان، هەولێر، لا لا٦٨٠-٦٩٧.

- سالڤینی، میرجو، (٢٠٠٥)، سەرچاوە نووسراوەكانی ئاشووری و ئورارتیی لەسەر مێژووی ئورارتییەكان، وەرگێڕانی: محمد حمە صاڵح تۆفیق، گۆڤاری هەزارمێر، ژمارە ١٥، سلێمانی، لا لا ٦٠-٦٩.

- قەرەداغی، فاضل، (١٩٩٩)، میلی كێلەشین لە ناوچەی رەواندز-شنۆ، گۆڤاری رامان، ژمارە ٣١، هەولێر، لا لا١٨٠-١٨٦.

- مارف، عومەر ئیسماعیل، (٢٠١٣)، تۆمارەكانی مێژوو (مێژوو و بەسەرهاتی بەشێك لە شارستانییەتە كۆنەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

- نێروەیی، علی تتر، (١٩٩٧)، كێلەشین، گۆڤاری شانەدەر، ژمارە ٢، هەولێر، لا لا٩-١٥.

- هەمەوەندی، ئارام جەلال حەسەن، (٢٠١٢)، موصاصیر لە سەرچاوە مێخییەكاندا، گۆڤاری موساسیر، ژمارە ١، هەولێر، لا لا٣٣-٥٥

دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەكان:

- أحمد، سامي سعید و رضا جواد الهاشمي، (د.ت)، تاریخ الشرق الادنى القدیم (ایران والاناضول)، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد.

- أحمد، جمال رشید و فوزي رشید، (١٩٩٠)، تأریخ الكرد القدیم، أربیل.

- أحمد، جمال رشید، (٢٠٠١)، لقاء الكرد و اللان في بلاد الباب و شرون، ط٢، دار ئاراس، أربیل.

- أحمد، جمال رشید، (٢٠٠٥)، ظهور الكرد في التأریخ، ج ٢، ط ٢، أربیل.

- اغا، عبدالله امين و ميسر سعيد العراقي، (١٩٧٦)، نمرود «كالح»، دار الحرية للطباعة، بغداد.

- باقر، طه و فؤاد سفر، (١٩٦٦)، المرشد الى مواطن الآثار و الحضارة، الرحلة الخامسة بغداد-أربيل، بغداد.

- باقر، طه، (٢٠٠٩)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج١، الوجيز في تأريخ حضارة وادي الرافدين، ط١، دار الوراق، بيروت.

- البرواري، ريبر جعفر أحمد، (٢٠١٢)، الحملات العسكرية الآشورية على كوردستان(٩١١-٦١٢ ق.م)، ط١، دار موكرياني للطباعة و النشر، أربيل.

- بيلال، زبير، (٢٠١٣)، تأريخ مصاصير(برادوست) و اهميتها الأثرية، گۆڤارى موساسير، ع٢ ، مطبعة هيڤى، هەولێر، ص ص ١٤٩-١٦٠.

- الدليمي، مؤيد محمد سليمان جعفر، (٢٠٠١)، الأوزان في العراق القديم في ضوء الكتابات المسمارية المنشورة و غير مشورة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة الموصل.

- الراوي، شيبان ثابت، (١٩٨٦)، آشورناصربال الثاني (٨٨٣-٨٥٩ ق.م) سيرته و أعماله، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة بغداد، بغداد.

- رشيد، فوزي، (١٩٧٣)، الشرائع العراقية القديمة، دار الحرية للطباعة، بغداد.

- رمضان، ژيار صديق، (٢٠١١)، دور المعبود آشور في الحملات العسكرية الآشورية ٩١١-٦١٢ ق.م، مجلة التربية و العلم، مج١٨، ع٤، ص ص٢٢٨-٢٤٦

- ساكز، هاري، (١٩٧٩)، عظمة بابل، ترجمة، عامر سليمان، الموصل.

- ساغز، هاري، (٢٠١١)، عظمة أشور، ترجمة، خالد أسعد عيسى و أحمد غسان سبانو، دار و مؤسسة رسلان، سوريا.

- الصالحي، صلاح رشيد، (٢٠٢٠)، مملكة اورارتو العلاقات الآشورية- الاورارتية من القرن التاسع و إلى السادس ق.م، بغداد.

- صالح، قحطان رشيد، (١٩٨٧)، الكشاف الأثري في العراق، وزارة الثقافة و الاعلام، بغداد.

- عقراوي، عماد شاكر احمد، (٢٠١٥)، مملكة أورارتو(٨٨٠-٧١٤ ق.م) دراسة تأريخية حضارية، دار تموز، دمشق.

- علی، قاسم محمد، (١٩٨٣)، سرجون الاشوري(٧٢١-٧٠٥ ق.م)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد.

- كونتينو، جورج، (٢٠١٥)، الحياة اليومية فی بلاد بابل و آشور، ترجمة و تعليق، سليم طه التكريتی، منشورات الجمل، بغداد.

- الأمين، محمود، (١٩٤٩)، تعليقات تاريخية على حملة سرجون الثامنة، مجلة سومر، مج ٥، ج ٢، بغداد، ص ص٢١٥-٢٤٥.

- الأمين، محمود، (١٩٥٢)، مسلتا طوبزاوة و كيله شين، مجله سومر، مج ٨، ج ١، بغداد، ص ص ٥٣-٧١.

سێیەم/ سەرچاوە بیانییەکان:

- André, B. and others,(2002),“ The bilingual stele of Rusa I from Movana (West-Azerbaijan, Iran)”, Studi Micenei ed Egeo-Anatolici=(SMEA), Vol.XLIV/1, Roma, pp.566-.

- Badalyan, M.,(2015),“ The Urartian Weather God Teišeba”, Armenian Journal of Near Eastern

Studies=(AJNES), Vol.IX, Armenia, PP.125142-.

- Benedict, C. W.,(1961),“ The Urartian- Assyrian Inscription of Kelishin”, Journal of the American Oriental Society=(JAOS), Vol.81,No.4,pp.359385-.

- Dara, M.,(2014),“ Was ⊠aldi the Triumph fire God of the Urartians?”, International Journal of the Society of Iranian Archaeologists=(IJSOIA), Vol.1, Issue.1,pp.97107-.

- Erdem, A. Ümit,(2019),“ The Relationship between State and Nomads in the Urartian Kingdom”, Over the Mountains and far Away studies in Near Eastern history and archaeology, Presented to Mirjo Salvini on the occasion of his 80th birthday, Oxford,PP.207211-.

- Gœtze, A. R.,(1952),“ MU⊠A⊠(⊠)IR ”,dAssyriologie etd archeology Orientale, Vol.46, No.3, Presses Universitaires de France, pp.158159-.

- Işik, K. and Bülent G.,(2012),“ The location of Uru⊠ušpa and a New inscribed column base belonging to Išpuini, King of Urartu”, Armenian Journal of Near Eastern Studies=(AJNES), Vol. VII/I,PP.7279-.

- Köro⊠lu, K.,(2015), “Conflict and Interaction in the Iron Age: The Origins of Urartian – Assyrian Relation”, European Journal of Archaeology, Vol.18, pp. 111127-.

- Luckenbil, D.D,(1927), Ancient Records of Assyria and Babylonia=(ARAB II), Vol.II, Chicago.

- Lanfranchi,G. B, and Parpola, S.(1990),“The Correspondence of Sargon II, Part II: Letters from the Northern and Northeastern Provinces, State Archives of AssyriaV=(SAA,Vol.5), Helsinki University Press.

- Marf, Dlshad A.,(2014), “The temple and City of Musasir/Ardini: New Aspects in the light of new Archaeological Evidence”, Subartu Journal, Vol.8,pp 1329-.

- Marf, Dlshad A.,(2016),“ Back to the Land of Mu⊠a⊠ir/Ardini: Preliminary report on fieldwork (2005-2012)”, In Kopanias, K., & MacGinnis, J., (eds.), The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions, Archaeo press, Archaedogy, Oxford, pp.189200-.

- Radner, K., (2011),” Assyrian and Urartians”, Steadman Chapter33, OUP, Uncorrected proof,pp.734751-.

- Roaf, M., (2012),“ Could Rusa Son of Erimena have been king of Urartu during Sargons eighth Campaign?”,Acta Iranica; Encyclopedie Permanente Des Etudes Iraniennes Publiee Par Acta Iranica, Edited by S. Kroll, C. Gruber, U. Hellwag, M. Roaf & P. Zimansky, Belgium: Peeters, PP.187216-.

- Salvini, M.,(2004),“ Archaeology and Philology: Reconstructing the History of Northwest Iran in the Urartian period(9th-7th Centuries B.C.)”, Proceeding of the International Symposiumon Iranian Archaeology: Northwestern Region, Iranian Center for Archaeological Research, Tehran, pp.6376-.

- Salvini, M.,(2009),“ The Eastern provinces of Urartu and the beginning of History in Iranian Azerbaijan”, Altan Çilingiro⊠luna Arma⊠an, Istanbul pp.497512-.

- Speiser, E. A.,(1941), Introduction to Hurrian, NewHaven.

- Çifçi, A.,(2018),“ Religion and Kingship Ideology: The God Ḫaldi and the Urartian Monarch”, Ancient West & East Journal=(AWE), Vol.17, pp,119141-.

- Wright, E .M,(1943), “The Eighth Campaign of Sargon II of Assyria (714 B.C.)”, Journal of Near Eastern Studies=(JNES),Vol.2, No.3, Chicago, pp.173186-.

- Zimansky, P., (1990),“ Urartian Geography and Sargon”s Eighth Campaign”, Journal of Near Eastern Studies=(JNES),Vol.49, No.1, Chicago, pp.112-.

## مكانة الإله الخالدي في مملكة أورارتو في ضوء المصادر الأثرية

**الملخص:**

يعتبر الأورارتين أحد السكان الأصلين لكردستان القديمة و مناطق زاگروس. كانت مملكة أورارتو في الألفية الأولى قبل الميلاد تغطي مساحة واسعة، والتي تتكون من مناطق كوردستان سوريا في الغرب والبحر الأسود في الشمال إلى كوردستان إيران و أرمينيا في الشرق إلى ديانا وسيدكان وأميدي في جنوب كوردستان، وفي هذا الصدد تمكن الأورارتين من ان يصبحوا أصحاب حضارة و مملكة مهمة ليلعبوا دورهم في المنطقة. وسنحاول في هذه الدراسة عرض مكانة هذا الإله في ضوء المصادر الأثرية التي تذكر مكانة هذا الإله في مملكة أورارتو، ومن الجدير بالذكر أنه بالإضافة إلى هذه النصوص المسمارية التي تذكر مكانة هذا الإله في سجلات الملوك الأورارتيين. وتتجلى أهمية هذه الدراسة في هذه البقايا الفنية التي تركها الأورارتين طوال مدة حكمهم. ومنهجية هذه الدراسة هي منهجية فنية لتحليل وتفسير مكانة هذا الإله والتعرف على هذه الآراء حول مكانته في ضوء المصادر الأثرية المادية والمدونة. وفي نهاية هذه الدراسة وصلنا إلى النتيجة أن النظرة الأورارتين للإله الخالدي كانت مصدر كل خير وقوة وسلطة في جميع انحاء مملكة أورارتو فبقيت دون تغير حتى عام ٧١٤ ق.م عندما دمر الآشوريين المدينة ونهبوا معبد وأخذوا تمثال الخالدي وزوجته باكبارتو بحسب هذه النصوص فإنه بعد سنة من النهب أعيد تمثال هذا الإله إلى مدينة مصاصير، وهذا نتيجة اتفاق بين الآشوريين والأورارتين وكل هذه الأدلة تؤكد ان الإله الخالدي كان له مكانة مرموقة ودور كبير في مملكة أورارتو.

**الكلمات المفتاحية: الديانة الاورارتية، مصاصير- أردينى، المعبد، مكانة، الإله الخالدي.**

## The Position of the God Haldi in the Urartian Kingdom in the light of archaeological sources

**Abstract:**

The Urartians are considered to be one of the indigenous people of ancient Kurdistan and the Zagros regions in the first millennium B.C, the Kingdom of Urartu covered a vast area, from Syrian Kurdistan in the west and the Black sea in the north to Iranian and Armenian Kurdistan in the east and northest to Diyana, Sidakan and Amedi in southern Kurdistan. In this context, the Urartians were able to become the owners of an important civilization and Kingdom to play their role in the region. In this study we will

try to present the position of this God in the light of the archaeological material sources that mention the position of this God in the Kingdom of Urartian. It is worth mentioning that in addition to the cuneiform texts that mention the position of this God in the record of the kings of Urartian. The importance of this study is reflected in the artistic remains left behind by the Urartians throughout their reign. The method of this study is an artistic method to analyze and interpret the position of this God and identify these opinions about his position in the light of material and written archaeological sources. The results of this study showed that the Urartian view of the God Haldi was the source of all Goodness, strength and power so throughout the Kingdom of Urartu remained unchanged until ٧١٤ B.C, as a result of the Assyrian Campaign destroyed the city and looted the temple and took away the statue of Haldi and his wife Bakbartu to the city of Musasir, as a result of treaty between the Assyrians and the Urartians, all this evidence confirms that Haldi had prominent position and a significant role in the Kingdom of Urartu.

**Keywords: Urartian Religion, Musasir /Ardini, Temple, Position, Haldi god.**